ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەڕەنسا کۆدەبنەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5998) چوارشەممە 2ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

ئەمڕۆ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات و لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا کۆدەبێتەوە.

ماکرۆن سەردانی عێراق دەکات و، بەپێی ئەوەی بڵاوکراوەتەوە، بەهۆی کەمیی کات، ئەمجارە ماکرۆن، سەردانی هەولێر ناکات.

وەک ڕاگەیەندراوە، کۆبونەوەکە لەسەر داوای ئیمانوێل ماکرۆنە، کە ئەمڕۆ لە بەغدا بەڕێوەدەچێت.

ئاژانسەکان بڵاویان کردۆتەوە، کە سەردانی ئەمجارەی ماکرۆن تەنیا یەک ڕۆژ دەخایەنێت. بابەتی کۆبونەوەکانی سەرۆکی فەرنسا لەگەڵ مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و بەرپرسانی دیکەی عێراقی، چەند پرسێک لەخۆدەگرێت، وەک پرسی سەروەریی خاکی عێراق، کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێران لەنێو خاکی عێراق، هەروەها مەسەلەی سنووربەزاندنی سوپای تورکیا یەکێک لە بابەتەکانی کۆبوونەوەکانی ماکرۆن دەبێت.

شایانی باسە، هەرێمی کوردستان و فەرەنسا پەیوەندییەکی مێژووییان هەیە، سااڵی ڕابردووش نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی ئیلیزێ لە فەرەنسا لەلایەن ئیمانوێل ماکرۆن پێشوازیی لێکرا.

ئەمڕۆ ئەنجوومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە

بڕیار لەسەر دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەدرێت

بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیار لەسەر دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان بدرێت، بەڕێوەبەری خوێندنی باڵاش دەڵێ، ئەو وانانەی پێویست نین، دەکرێنە ئۆنلاین.

سەرتیپ خاڵس، بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە، دەوامی فەرمیی ساڵی نوێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەستی پێکردووە و دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتیش، چەند پێشنیازێك دراونەتە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ چۆنیەتیی دەستپێکردنی وانەکان لە هەموو زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بە حکوومەت و ئەهلی. بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا دەشڵێت، ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە و پێشنیازەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکێك دەبن لە تەوەری کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت.

ناوبراو هەروەها جەختی کردەوە، وەزارەت پێشنیازی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی کردووە، لە نێوان ٢٠ی ئەیلوول بۆ ١٠ی مانگی داهاتوو، زانکۆکان سەرپشك بکرێن لە دەستپێکردنی دەوام، هەروەها پێشنیازێکی دیکەش ئەوەیە، ئەو وانانەی پێویستن لەنێو هۆڵی زانکۆ بخوێندرێن و ئەوانەیشی پێویست نین، دەکرێ بە ئۆنلاین بیانخوێنن.

بریکاری وەزارەتی پلاندانان: بۆ جێگیرکردنی پشکی هەرێم لە بوودجەدا پێویستە ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان هەولێر و بەغدا واژوو بکرێت

کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای داڕشتنی پڕۆژەیاسای بوودجەی عێراق بەردەوامە و نوێنەرانی هەرێمی کوردستانیش بۆ جێگیرکردنی خواست و داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەکەدا بەشدارن.

بریکاری وەزارەتی پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، زاگرۆس فەتاح کە سەرۆکایەتی شاندی هەرێمی کوردستان دەکات لەگەو کۆبوونەوانەدا، ڕایگەیاند: ئامانجی ئێمە لە بەشداریکردن لەم کۆبوونەوانەدا، جێکردنەوە و جێگیرکردنی پێداویستییە تەکنیکی و



هونەرییەکانی هەرێمی کوردستانە لە بوودجەی ساڵانی داهاتووی عێراقدا.

(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)



6

لە هەولێر بەردی بناغەی قوتابخانەیەکی 18 پۆلی دانرا

وەزیری پەروەردە: بۆ ئەوەی تەواوی قوتابخانەکان بکەین بە ستانداردو یەک دەوامی وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە 35000 پۆلی خوێندنە کە نزیکەی 3000 قوتابخانەیە



لە ڕاپرسییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا

بایدن لە پێشەوەیە و ترەمپیش جیاوازییەکە کەمدەکاتەوە

4

لە کاتێکدا کاندیدی دیموکراتەکان، جۆ بایدن، لە ڕاپرسییەکانی کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا کە لە ٣ی تشرینی دووەم بەڕێوەدەچێت، لە پێشەوەیە، بەڵام ئەوەی دەبینرێت سەرۆکی ئەمەریکا و کاندیدی کۆماریيەکان، دۆناڵد ترەمپ بە تایبەتی لە ویلایەتە هەستیارەکان جیاوازییەکەی نێوانیان کەمدەکاتەوە.



13

کاردانەوەی عەرەب بەرامبەر تێپەڕبوونی فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی بە ئاسمانی سعوودیەدا

قەرەبالغی لەسەر نەخۆشخانەکان کەمبووەتەوە



لە هەولێر ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە داکشاندایە

7

ئەمەریکا شەش ملیۆن بەڵگەنامەی سەردەمی ڕژێمی بەعسی گەڕاندۆتەوە عێراق



دەزگای نێودەوڵەتیی پێشمەرگە بۆ کاروباری مرۆیی، ١٣٢ هەزار واژۆی بۆ دیاریکردنی ڕۆژی نیشتمانیی پێشمەرگە دەداتە پەرلەمانی کوردستان. دەزگای نێودەوڵەتیی پێشمەرگە بۆ کاروباری مرۆیی، کە لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٣٢ هەزار واژۆیان کۆکردۆتەوە، ڕادەستی پەرلەمانی کوردستانی دەکەن و داوا دەکەن ڕۆژی نیشتمانی پێشمەرگە دیاری بکرێت.

3

بریکاری وەزارەتی پلاندانان: بۆ جێگیرکردنی پشکی هەرێم لە بوودجەدا پێویستە رێککەوتنی سیاسیی نێوان هەولێر و بەغدا واژوو بکرێت

پێویستە شایستە و پێداویستییەکانی هەرێم لە بودجەدا دیاری بکرێت



کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای دارشتنی پڕۆژەیاسای بوودجەی عێراق بەردەوامە و نوێنەرانی هەرێمی کوردستانیش بۆ جێگیرکردنی خواست و داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەکەدا بەشدارن. بریکاری وەزارەتی پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، زاگرۆس فەتاح کە سەرۆکایەتی شاندی هەرێمی کوردستان دەکات لەو کۆبوونەوانەدا، رایگەیاند: ئامانجی ئێمە لە بەشداریکردن لەم کۆبوونەوانەدا، جێکردنەوە و جێگیرکردنی پێداویستییە تەکنیکی و هونەرییەکانی هەرێمی کوردستانە لە بوودجەی ساڵانی داهاتووی عێراقدا.

بەپێی خەملاندنی لیژنەی باڵای دارشتنی پڕۆژەیاسای بوودجەی عێراق کۆبوونەوە و کارەکانیان بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسی پڕۆژەیاسای بوودجەی سێ ساڵی ئایندە نزیک بە مانگێکی پێ بچێت، لیژنەکە لەگەڵ دامەزراوە و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی عێراقدا کۆدەبنەوە، سەرچاوەکانی داهات و بڕەکانی دەخەملێنن و لەسەر ئەو بنەمایە پێداویستییەکانی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەیاساکەدا دادەڕێژن.

سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی بوودجە لە عێراق داهاتی نەوتە بۆیە لە دارشتنی پڕۆژەیاسەکەشدا، پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت دەبەسرێت کە ئێستا عێراق لەتوانایدا هەیە ڕۆژانە پێنج ملیۆن بەرمیل بەرهەم بهێنێت. زاگرۆس فەتاح گوتی: لە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکەمی لیژنەکەدا، خەملاندن بۆ نرخی نەوت کرا، بۆ بوودجەی ساڵی ٢٠٢١ نرخی بەرمیلێک نەوت بە ٤٣ دۆلار دانراو بۆ بوودجەی ساڵەکانی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ نرخی نەوت بە ٤٦ دۆلار جێگیرکرا.

بریکاری وەزارەتی پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، زاگرۆس فەتاح ڕاشیگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا داوامان کرد کە پێویستە تا ئەوپەڕی توانا هەوڵ بدرێت بوودجەی بەکاربردن کەم بکرێتەوە و لە بەرامبەردا، بوودجەی وەبەرهێنان زیاد بکرێت، بەڵام زیادکردنەکە بۆ وەبەرهێنان بەکردار سەرف بکرێت وەک ساڵانی ڕابردوو نەبێت کە ڕێژەی بوودجەی وەبەرهێنان دادەنرا، بەڵام سەرف نەدەکرا.

زاگرۆس فەتاح دەربارەی هەوڵەکانیشیان بۆجێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی عێراقدا گوتی: بۆئەوەی بتوانرێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و شایستە، پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لە بوودجەدا دیاری بکرێت، پێویستە ڕێککەوتنی سیاسیی لەنێوان هەولێر و بەغدا لەسەر مەلەفەکانی (نەوت، داهاتی خاڵە سنووریەکان و باج) واژوو بکرێت.

دەربارەی بوودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش لە کۆبوونەوەکاندا جەختیان کردووەتەوە کە دەبێت پشکی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان جێگیربکرێت، وەک ساڵانی ڕابردوو مافی هەرێم نەخورێت.

بەپێی زانیارییەکان هەولێر و بەغدا لە ڕێککەوتنی کۆتایی نزیک بوونەتەوە، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کاتییەی ئێستا، عێراق لە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان تەنها لەسەدا ٥٠ی داهاتی خاڵە سنووریەکان دەبات و مانگانە ٣٢٠ ملیار دینار ڕەوانەی هەولێر دەکات، بەڵام لە ڕێککەوتنەهەمیشەییەکەدا کە هێشتا نەگەیشتوون بە خاڵی کۆتایی هەموو پرسەکانی نەوت و خاڵە سنووریەکان و داهاتی ناوخۆ ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت و دەیانەوێت کۆتایی بەو کێشانە بهێنن کە ساڵانێکە لەنێوانیان بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

بۆ گفتوگۆی کۆتایی نێوان هەولێر و بەغداش بڕیارە دووبارە شاندی هەرێم بگەڕێتەوە بەغدا و ئەوەی لەنێوانیان ماوە کۆتایی پێ بهێنن.

وەزیری دارایی عێراق عەلی عەبدلئەمیر عەلاوی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا لە بەغدا ڕایگەیاند: شاندێکی گەورە و گرنگ بەمزووانە لە هەرێمی کوردستانەوە دێنە بەغدا، بابەتە هەڵپەسێردراوەکان تاوتوێ دەکەن و هەوڵی چارەسەریان دەدەین و بەوپەڕی شەفافییەتەوە و لە ڕەشنووسی بوودجە دادەنرێت، شاندەکە یان کۆتایی ئەم هەفتەیە یان هەفتەی داهاتوو دێن.

عارف روشدی:

پێویستە خەڵکی دوور لە هاشوهوشی هەڵپەرستان پشتیوانی هەنگاوەکانی حکوومەت بن



ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان داوا لە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات، "دوور لە هاشوهوشی هەڵپەرستان، هاوکار و پشتیوانی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن. عارف ڕوشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نووسینێکیدا لە پێگەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیس بووک) بڵاوی کردەوە، هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی چاکسازی و پەرەپێدانی پڕۆژە ستراتیژییەکانی بواری ڕێگەوبان، پیشەسازیی کشتوکاڵی و وەبەرهێنان، "دەروازەی چارەسەرین بۆ دابینکردنی هەڵی کار و بژێوی شایستە بۆ گەنجان". ڕوونیشی کردۆتەوە کە لە دەرئەنجامی "چاکسازی، ڕێکخستنی داهات و نەهێشتنی کاری قاچاخ و زێدەڕۆیی، سەرکەوتنی دانوستانەکانی نێوان هەولێر - بەغدا لە ژێر ڕۆشنایی دەستوور، دابەشکردنی موچەی موچەخۆران بە شێوەیەکی تەواوەتی و مانگانە ڕێکدەخرێنەوە، ئەمانەش گرەنتی سەقامگیریی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان دەبن".

هەر لە نووسینەکەیدا عارف ڕوشدی بە پێویستی زانیوە، خەڵکی کوردستان "دوور لە هاشوهوشی هەڵپەرستان، هاوکار و پشتیوانی هەنگاوەکانی حکوومەتەکەیان بکەن، تاکوو بە هەماهەنگیی هەموان، بتواندرێت شان بدرێتە بەر بارە قورسەکەی نەهێشتنی گەندەڵی و لادەری نەتەوەیی و نیشتمانی".

کەرکووک.. تەقینەوەکەی سەر ڕێگای تکریت کۆژراو بریندارى لێکەوتەوە



ئارام شێرکۆ / کەرکووک

ناسەقامگیری باری ئەمنی و کردەوە تیرۆرستیەکان نیشانەی بەهێز بوونەوەی داعشە لە ناوچەکە , لە سنووری کەرکووک لە پاش ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر و نەمانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و ئاسایش چەکدارانی داعش دەستیان کردۆتەوە بە ڕێکخستنەوەی شانە نووستووەکانی خۆیان و چالاک کردنەوە یان ئەمەیش بۆتە مەترسی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان و پێکهاتەکانیان لە شارەکە .

سەرچاوەیەکی تایبەتی لە هێزە ئەمنیەکانی کەرکووک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکی تایبەتی بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند ,,سەر لە بەیانی دوێنێ لە ڕێگای سەرەکی هەر دوو پارێزگای کەرکووک تکریت ئۆتۆمبێلێکی بۆم ڕێژکراو تەیەوە لە نێو بازگەی پردی مریەم بەگ کە بەهۆیەوە ژمارەیەک کۆژراو بریندارى لێکەوتەوە هێزە ئەمنیەکانیش دەستیان کردەوە بە لێکۆلینەوەی وورد لە ڕووداوەکەو ئاشکرا کردنی ناسنامەی تیرۆرستەکە).

سەرچاوەکە گووتیشی بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلەکەوە ٤ کەس گیانیان لە دەستداوە ژمارەیکی تریش بریندار بوون کە یەکێک لە کۆژراوەکان ئافراتە ئەوانی تریش کارمەندی هێزە ئەمنیەکان بوون کە لە بازگەکە سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان بوون , کۆژراو بریندارەکانیش گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی کەرکووک.

ئەو بۆشاییە ئەمنیە لە ئێستادا دروست بووە بۆتە هۆکاری بەهێز بوونەوەی تیرۆرستانی داعش و دروست بوونی چەکداری تری تیرۆرستی . هێزە ئەمنیە عێراقیەکانیش توانای کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەیان نیە بەتەواوی چونکە خەڵکی ناوچەکە نین و شارەزای سنووریەکان نین.

دهۆک.. شەش بەربژێر بۆ پۆستێن ڕێڤەبەریێن گشتی ل پارێزگەها دهۆکێ هاتنە پەسەندکرن



جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ کۆمبوونا خوە یا ئاسایی یا ژمارە (١٠٦) دوهی ڕۆژا ٢٠٢٠/٩/١ ل دەمژمێر ١١:٠٠ سپێدێ ئەنجام دا و تێدا دەنگدان ل سەر پەسەندکرنا بەربژێران بۆ (شەش) ڕێڤەبەریێن گشتی یێن پارێزگەها دهۆکێ هاتکرن یێن کو ژ لایێ پارێزگەڕێ دهۆکێ ڤە هاتینە بەربژێرکرن.

ئیدریس هەرکی، سەرۆکێ لیژنا یاسایی و ئاسایشێ ل جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ بۆ مالپەڕێ فەرمیێ پارتی دیموکراتی کوردستان دیار کر کو ئەڤرۆ جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ دەنگدان ل سەر پەسەندکرنا بەربژێران بۆ هەر ئێک ژ ڕێڤەبەریێن گشتی یێن (کارەب، ساخلەمی، گەشت و گوزار، چاندن، ئەوقاف و کاروبارێن ئایینی، ڕەوشەنبیری و هونەری) یێن پارێزگەها دهۆکێ ئەنجام دا، کو ئەڤ شەش پۆستە مافێ پارتی دیموکراتی کوردستانن. ناڤهاتی ئاماژە دا وێ چەندێ کو ناڤێن چەندین بەربژێران یێن کو ژ لایێ پارێزگەڕێ دهۆکێ ڤە بۆ پۆستێن (شەش) ڕێڤەبەریێن گشتی یێن پارێزگەها دهۆکێ هاتینە بەربژێرکرن گەهشتبوونە جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ، بەڵێ پشتی د کۆمبوونا ئاسایی یا جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ دا دەنگدان هاتیە ئەنجامدان ب زووریەیا دەنگێن ئەندامێن جڤاتێ ناڤێن بەربژێران ب ڤی شێوەیی هاتنە پەسەندکرن: (شاکر مەحمود) بۆ پۆستێ ڕێڤەبەریێ گشتی یێ کارەبێ ل پارێزگەها دهۆکێ ب سەرجەمێ (٢٨) دەنگان کو تێکرایا دەنگان ل جهێ (خالد سالح) هاتە پەسەندکرن، هەروەسا (د.ئەفراسیاب موسا یونس) بۆ پۆستێ ڕێڤەبەریێ گشتی یێ ساخلەمییێ ل پارێزگەها دهۆکێ ب سەرجەمێ (٢٧) دەنگان ل جهێ (د.نزار عسمەت) هاتە پەسەندکرن، هەروەسا (د.خەیری عەلی ئوسو) بۆ پۆستێ ڕێڤەبەریێ گشتی یێ گەشت و گوزارێ ل پارێزگەها دهۆکێ ب سەرجەمێ (٢٨) دەنگان ل جهێ (عوبەیدوللا داود) هاتە پەسەندکرن، هەروەسا (ئەحمەد جەمیل) بۆ پۆستێ ڕێڤەبەریێ گشتی یێ چاندنێ ل پارێزگەها دهۆکێ ب سەرجەمێ (٢٨) دەنگان ل جهێ (د.لەزگین حەجی) هاتە پەسەندکرن، هەروەسا (محەمەد خالد) بۆ پۆستێ ڕێڤەبەریێ گشتی یێ ئەوقاف و کاروبارێن ئایینی ل پارێزگەها دهۆکێ ب سەرجەمێ (٢٦) دەنگان ل جهێ (د. سەمیان عەبدولخالق) هاتە پەسەندکرن، هەروەسا (ئەمیر عەلی) بۆ پۆستێ ڕێڤەبەریێ گشتی یێ ڕەوشەنبیری و هونەری ل پارێزگەها دهۆکێ ب سەرجەمێ (٢٦) دەنگان ل جهێ (ئەیوب ڕەمەزان) هاتە پەسەندکرن.

خورماتوو.. بەهۆی هێرشی داعشەوە چوار سەربازی عێراقی کوژران و بریندار بوون

دەنگانی شەوی سێشەممە لە هێرشێکی داعشدا بۆ سەر پێگەیەکی سوپای عێراق لە گوندێکی سەر بە قەزای خورماتوو، سەربازێکی عێراقی کوژراوە و سێ سەربازی دیکەش بریندار بوون و بەرپرسێکیش لە ناوچەکە هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە. عەلی هاشم، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای خورماتوو، بە خەباتی ڕاگەیاند: دەنگانی شەوی سێشەممە، تیرۆریستانی داعش لە گوندی (زەنجەلی) ڕۆژئاوای قەزای خورماتوو، بۆمبێکی چێندراویان بە هێزێکی سوپای عێراقدا تەقاندووەتەوە و لە ئەنجامدا چوار سەربازی سوپای عێراق بریندار بوون و پاشان گەیەندرانە نەخۆشخانە. بەپێی زانیارییەکانیش، لە کۆتایی ساڵی ڕابردووەوە هێزەکانی عێراق و هێزەکانی هەرێمی کوردستان هێرشی بەرفراوانیان دژی داعش دەستپێکردووە لە ناوچەکانی جیاجیا.



دەرگای خۆپاڵاوتنی هاووڵاتیان بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ دەکرێتەوە

پەرلەمان بۆ هاووڵاتیان: سیڤیی خۆتان پێشکەش بە پەرلەمان بکەن

لە راگەیەندراوێکدا پەرلەمانی کوردستان هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە کە بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان هەر هاووڵاتییەك ئارەزوومەندە دەتوانێت لە رێگەی پێشکەشکردنی CV داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پەرلەمان بکات. لە راگەیەندراوەکەی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە «پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، بەمەبەستی خۆپاڵاوتن بۆ (سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ) دەتوانن C.V ی خۆیان پێشکەش بەبەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان/ بەشی کاروباری پەرلەمانی کوردستان بکەن»

پەرلەمانی کوردستان ماوەی ١٥ رۆژی بۆ وەرگرتنی سیڤییەکان دەستنیشانکردووە. ئەمەش دەقی راگەیەندراوەکەیە:

ئاگاداری

پاڵپشت بە بڕگەی (دووەم و سێیەم) لە مادەدەی (پێنجەم)ی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٠.

پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، بە مەبەستی خۆپاڵاوتن بۆ (سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ) دەتوانن C.V خۆیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان/ بەشی کاروباری پەرلەمان لە پەرلەمانی کوردستان بکەن، لە ماوەی (١٥) رۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان و رۆژنامەدا، وەك لە برگەی (سێیەم)ی ماددەی (پێنجەم)ی یاساکە هاتووە پێویستە ئەو بەڕێزەی C.V پێشکەش دەکات ئەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێ:

١ـ هاووڵاتی هەرێم بێت و لێی نیشتەجێ بێت.

٢ـ بەڵایەنی کەم بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ و لەبواری مافەکانی مرۆڤ لێهاتوو و شارەزا بێ.

٣ـ خووڕەوشتی باش بێ و بەتاوانێك یا کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ.

٤ـ بەڵێنامەیەکی دەستنووس پێشکەش بکات کە لە ماوەی فەرمانبەرایەتیەکەیدا حزبایەتی نەکات.

٥ـ بەشداری لەو تاوانەدا نەکردبێ کە دەسەڵاتە داپلۆسێنەرەکان ئەنجامیان دابێ.

لەگەل رێزدا

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

لیژنەی شەهیدانی پەرلەمانی کوردستان دەچێتە بەغدا

سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند سەرجەم ئەندامانی لیژنەکە رێککەوتوون، سەردانی بەغدا بکەین و چاوەرێی وەڵامی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانین.

سەوسەن محەمەد میرخان، لەمبارەوە بە خەباتی راگەیاند: سەرجەم ئەندامانی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لەسەر ئەوە کۆکین کە لیژنەکەمان بچێتە بەغدا و چاوەرێ وەڵامی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانین.

سەوسەن محەمەد لەبارەی مەبەستی سەردانەکەی گوتیشی: ئەو سەردانە بۆ بەدواداچوونە بۆ پرسی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران. سەرۆکی لیژنەی شەهیدان لەبارەی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان ئاماژەی بەوەش کرد: پێوستە ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە تا بتوانین زیاتر خزمەتی کەسوکاری شەهیدان بکەین.



بۆ دیاریکردنی رۆژی نیشتمانیی پێشمەرگە

132 هەزار واژۆ دەدرێتە پەرلەمانی کوردستان

دەزگای نێودەوڵەتیی پێشمەرگە بۆ کاروباری مرۆیی، کە لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٣٢ هەزار واژۆیان کۆکردۆتەوە، ڕادەستی پەرلەمانی کوردستانی دەکەن و داوا دەکەن رۆژی نیشتمانی پێشمەرگە دیاری بکرێت.

گوتیشی ئەو واژۆیانە دەدرێنە لیژنەی کاروباری پێشمەرگەی پەرلەمان، تاکوو لیژنەکە کاری لەسەر بکات بۆ ئەوەی پەرلەمان رۆژی نیشتمانیی پێشمەرگە دیاری بکات.

پێشتر و لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٢ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ پرسی دیاریکردنی ڕۆژی نیشتمانیی پێشمەرگە کۆبوونەوە و ئەم پرسیان تاوتوێ کرد و تێکڕای ئەندامانی لیژنەکە لە هەوڵی دەزگای نێودەوڵەتیی پێشمەرگە بۆ کاروباری مرۆیی، پێشوازییان کرد و هەموو ئەندامانی ئەو دەزگایە ڕاسپێردران لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان واژۆ کۆبکەنەوە. پێشمەرگە، وشەیەکی کوردییە بۆ جەنگاوەرانی کورد بەکار دێت و هەندێکیش بە قارەمانانی ئازادی ناویان دەبەن. وشەکە بە مانای «ئەوانەی کە مەرگی خۆیان پێش هەموو شتێك خستووە لەپێناو پاراستنی نیشتمان» دێت و لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وەزارەتێکی تایبەت بەناوی «وەزارەتی پێشمەرگە» هەیە.

لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا لە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشمەرگە ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە و وەك ڕۆڵەیەکی جەنگاوەری ئەمەکناس و بوێر و نیشتمانپەروەر دەناسێنرێن. ناوی «پێشمەرگە» بۆ یەکەمجار لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ ناوی سەربازانی کۆمارەکە بەکار هاتووە. لەو کاتەشەوە ئەو هێزانەی لە نێو پارتە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندان، وەك پێشمەرگە ناویان دێت.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جیا لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی کورد، بە هەزاران داستانی نەمریی خولقاندووە، هاوکات لە ساڵی ٢٠١٤ و دوای شەڕی داعش، بە فەرماندەیی سەرۆك بارزانی توانی ئەفسانەی داعش تێك بشکێنێت و بە دەیان داستانی نەمرییان خولقاند و توانیان هەرێمی کوردستان و سەروەریی ئەم خاکە بپارێزن و بەهۆی قارەمانێتییەکانی پێشمەرگەوە ناوی لە ئاستی دنیا وەك هێزێکی ڕزگارکەر و ئاشتیخواز ناسراوە.

پەرلەمانتاریێکی گۆڕان:

پێشنیار کراوە کامێرای چاودێری و هێزی تایبەت لە مەرزەکانی سنووری سلێمانی جێگیر بکرێت

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، پێشنیار کراوە چەند ڕێوشوێنێك بۆ ڕێگەگرتن لە هەر هەوڵێکی کاری قاچاخی و نایاسایی مەرزەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش لە سنووری پارێزگای سلێمانی بگیرێتە بەر. ڕزگار محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، لەگەڵ وەزیری دارایی گفتوگۆیان کردووە و جەخت لەوە کراوەتەوە کە دەبێ ڕێگری لەو قاچاغییانە بکرێت کە لە مەرزەکاندا بە تایبەتیش لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەکرێت.

ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە وەزیری دارایی چەند ڕاسپاردەیەکی داوە تاوەکوو کاری لەسەر بکرێت و ڕێگری لە قاچاخیی مەرزەکان بکرێت: یەکەمین ڕێکار دانانی کامێرای چاودێریی پێشکەوتووە لە مەرزەکان کە دەنگ و ڕەنگ تۆمار دەکات، هەروەها هێزەکان دەگۆڕدرێن، چونکە هەندێك لە هێزەکان بە فەرمانی کەس و حزبەکان دەجوڵێنەوە، ئەمانە پێشنیازن و داوا کراوە هێزێك لە مەرزەکان بێت کە بەپێی فەرمانەکانی وەزارەتی دارایی بجوڵێتەوە. ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، گازاندەی لە ڕەفتاری هەندێك لایەن لە بەرامبەر گۆڕان کرد و گوتی: نیەتپاکی زۆر گرنگە، ئێمە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە حکوومەتی خۆجێیی سلێمانی شەریکین، بەڵام لە ئاستی سلێمانیدا گرفت بۆ گۆران دروست دەکرێت.

ڕوونیشی کردەوە کە: لە خۆپیشاندانەکەی کەلار، قایمقام کرایە ئامانج، چونکە لە پشکی گۆڕانە، دەیانەوێت براوەرانی ئێمە ناشرین بکەن، دەیانەوێت گرفت بۆ پۆستەکانمان دروست بکەن، لە بازاڕی کەلار خەڵکێك عەرەبانەی خەڵك لادەدات و پێیان دەڵێت قایمقامە گۆڕانەکە وای کردووە، بۆ ئەوەی خەڵك ڕقی لە گۆڕان بێت.



ڕۆژنامەی ووڵ ستریت جۆرنالْ:

ئەمەریکا شەش ملیۆن بەڵگەنامەی سەردەمی ڕژێمی بەعسی گەڕاندۆتەوە عێراق



ڕۆژنامەی ووڵ ستریت جۆرنالْ باڵاوی کردەوە کە ئەمەریکا شەش ملیۆن بەڵگەنامەی سەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاوی، گەڕاندۆتەوە عێراق. ڕۆژنامەی ناوبراو لە هەواڵێکدا باڵاوی کردەوە کە فڕۆکەیەکی سەربازی ئەمەریکی شەش ملیۆن بەڵگەنامەی حزبی بەعسی گەڕاندۆتەوە بەغدا.

بەپێی ڕۆژنامەی ووڵ ستریت جۆرنالْ، ئەمەریکا وەك نیشاندانی نیازباشی بۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی شەش ملیۆن بەڵگەنامەی سەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاوی گەڕاندۆتەوە عێراق و لەئێستادا لە شۆێنێکی نهێنی پارێزراو لە بەغدا هەڵگیراون.

لەگەڵ پەرەسەندنی کردەکانی تووندتیژی لە عێراق ١٥ ساڵ لەمەوبەر و بە تایبەتیش دوای دووساڵ لە ڕووخاندنی سەرۆکی ڕژێمی پێشووی عێراق، سەدام حوسێن کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی بەعس، ئەمەریکا ئاشکرای کردبوو کە کۆمەڵێك ئەرشیف و بەڵگەنامەی جۆراجۆری ڕژێمی بەعسی ڕووخاوی، بە ئامانجی پاراستنیان، هەڵگرتووە.

لە ٢٠١٣دا ئەمەریکا کۆمەڵێك لەو بەڵگەنامانەی گەڕاندبۆوە عێراق، بەڵام ئەوە ترسی لای لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوا دروست کرد لەوەی کە ئەگەری هەیە ئەو بەڵگەنامانە وەك کارتی سیاسی لەلایەن سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، نوری مالیکییەوە بەکاربهێندرێن. لە نیسانی ٢٠٢٠دا، کاتێك گرژیی و ئاڵۆزییەکان ناوەڕاست و باشووری عێراقی گرتەوە، نووسەری بەناوبانگی عێراقی، کەنعان مەکییە و سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق مستەفا کازمی کە ئەو کات دامەزراوەی بیرەوەری عێراقی بەڕێوەدەبرد لە بەریتانیاوە گەڕانەوە عێراق و چەندین بەڵگەنامەیان لە ماڵی کەنعان مەکییە پاراست.

لە ساڵی ٢٠٠٨ دامەزراوەی هۆڤەر سەربە زانکۆی ستانفۆرد لە ڤیرجینیا ڕایگەیاندبوو کە دەستەی پاراستنی بەڵگەنامەکان لە ئەمەریکا بەهاوکاری دەزگای پەیوەندی پاراستنی کەنەدا، بەڵگەنامەکانی سەردەمی بەعسیان گەڕاندووەتەوە بۆ عێراق، کە پێشتر بەڵگەنامەکان بۆ پاراستنیان لە بەغداوە گواسترابوونەوە بۆ ئەمەریکا و لای خۆیەوە کەنعان مەکییەش ئاشکرای کردبوو کە حکوومەتی عێراق ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر ریکخستنەوەی بەڵگەنامەکان لەلایەن دامەزراوەی هۆڤەری ئەمەریکییەوە.

مستەفا کازمی:

ئۆپەراسیۆنمان بۆ گێڕانەوەی شکۆی دەوڵەت و سەپاندنی یاسا دەستپێکردووە



سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی رایگەیاند کە هەندێك لایەن هەن کار بۆ گرژیی و ئاڵۆزی دەکەن و جەخت لەوەیش دەکاتەوە کە بەهێز کار دەکەن بۆ گێڕانەوەی شکۆی دەوڵەت و بەرزکردنەوەی وڕەی هێزە پاڵەوانەکانی عێراق.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ساز کرد. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە راگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە لە کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی رایگەیاندووە، کە هەندێك لایەن هەن کار بۆ گرژیی و ئاڵۆزی دەکەن و گوتی: بەهێزەوە کار دەکەین بۆ گێڕانەوەی شکۆی دەوڵەت و بەرزکردنەوەی وڕەی هێزە پاڵەوانەکانی عێراق.

بەپێی راگەیەندراوەکە هەر لە میانی کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە ئۆپەراسیۆنیان بە ئامانجی گێڕانەوەی شکۆی دەوڵەت و سەپاندنی یاسا دەست پێکردووە و گوتوویەتی: پێویستە سەرجەم وەزیرەکان لە نزیکەوە گوێ لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بگرن و ڕێوشوێنی بەپەلەیش بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بگنەبەر و ئەو تەحەدیانەیش بۆ ڕای گشتیی ڕوون بکەنەوە کە بەرەوڕووی وڵاتەکەمان بوونەتەوە.

ڕاشیگەیاندووە: نابێت ڕێگە بە بیرۆکراتەکان بدەین ئاستەنگ لەبەردەم پلانەکانی حکوومەتدا دروست بکەن، چونکە ژمارەیەك بڕیار بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرکراون کە خزمەت بە هاووڵاتیان دەکەن.

لە راپرسییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا

بایدن لە پێشەوەیە و تەرەمپیش جیاوازییەکە کەمدەکاتەوە



لە کاتێکدا کاندیدی دیموکراتەکان، جۆ بایدن، لە ڕاپرسییەکانی کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا کە لە ٣ی تشرینی دووەم بەڕێوەدەچێت، لە پێشەوەیە، بەڵام ئەوەی دەبینرێت سەرۆکی ئەمەریکا و کاندیدی کۆمارییەکان، دۆناڵد ترەمپ بە تایبەتی لە ویلایەتە هەستیارەکان جیاوازییەکەی نێوانیان کەمدەکاتەوە.

بەگوێرەی ئەو ڕاپرسییانەی کە ماڵپەڕی Real Clear Politics ی ئەمەریکی بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی کۆی کردووەتەوە، لە سەرانسەری وڵات، کاندیدی دیموکراتەکان، جۆ بایدن بە ڕێژەی سەدا ٦ و پۆینت ٩ لە پێش دۆناڵد ترەمپەوەیە. بایدن لە ٢٨ی تەمموز لەسەر ئاستی وڵاتەکەدا بە ڕێژەی سەدا نۆ لە پێشەوە، بووە بەڵام ئەوەی دەبینرێت ترەمپ، ئەگەر لەسەرخۆشبێت جیاوازی نێوانیانی کەمکردووەتەوە.

ترەمپ، گورزی سەرەکی لە ڕاپرسییەکاندا، لەو ویلایەتانەی کە بە swing ناسراون، واتە ئەو ویلایەتانەی کە دەنگەکان تێیاندا یاریی دەکات کە چارەنووسی هەڵبژاردنەکان دیاریدەکات، وەشاندووە.

لەو ویلایەتانەی کە دەنگەکان تێیدا دەگۆڕێن لە میشیگن، بایدن لە ٢٨ی تەمووزدا بە ڕێژەی لەسەدا ٨ و پۆینت ٤ لە پێش ترەمپەوە بوو، و ئەو ژمارەیە ئەمڕۆ بۆ سەدا ٢ و پۆینت ٦ دابەزیوە. یەکێکی دیکە لەو ویلایەتانە ویلایەتی پێنسیلڤانیایە کە بایدن لە ٢٨ی تەمووزدا بە ڕێژەی لەسەدا ٧ و پۆینت ٤، لە پێشەوە بوو بەڵام ئەمڕۆ ئەو ڕێژەیە بۆ سەدا ٥ و پۆینت ٨ دابەزیوە.

هەروەها بایدن لە ٢٨ی تەمووز لە ویلایەتی ویسکۆنسن بە سەدا ٦ و پۆینت ٤ لە پێش بوو بەڵام لەو ویلایەتە ئێستا ڕێژەکە بە سەدا ٣ و پۆینت ٥ دەبینرێت. لە هەمان ڕێککەوتدا بایدن کە لە پێش ترەمپ بوو لە ویلایەتەکانی، فلۆریدا لە سەدا ٧ و پۆینت ٨ وە بۆ سەدا ٣ و پۆینت ٧ داکشاوە، لە ئاریزۆنا لە سەدا چوارەوە بۆ سەدا ٢ و پۆینت ٢ دابەزیوە. لە لایەکی دیکەشەوە، جۆ بایدن لە ٢٨ی تەمووز لە ویلایەتی کارۆلاینای باکوور بە ڕێژەی سەدا ٣ و پۆینت ٨ لە پێش ترەمپەوە بوو بەڵام ئێستا ترەمپ لەو ویلایەتە بە ڕێژەی سەدا ٠ و پۆینت ٣ کەوتووەتە پێشەوە. جێی باسە ٥٩ هەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ڕۆژی سێشەممە ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ بەڕێوەدەچێت.

عێراق.. گیانلەدەستدانی 81 کەسی دیکە بە کۆرۆنا تۆمارکرا

وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق ڕایگەیاند کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، سێ هەزار و ٤٠٤ کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بوون و ٨١ کەسی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، دواییین ئاماری سەبارەت بە ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکە ئاماژە بەوەدراوە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٨١ کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیانیان لەدەستداوە و سێ هەزار و ٤٠٤ کەسی دیکەیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون. باس لەوەیش کراوە کە هەر لەو ماوەیەدا، سێ هەزار و ٨٧١ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چاکبوونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، کۆی گشتیی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، گەیشتووەتە ٢٣٨ هەزار و ٣٣٨ کەس و لەو ژمارەیەش حەوت هەزار و ١٢٣ کەس گیانیان لەدەستداوە و ١٨٠ هەزار و ٤٧٣ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

عێراق.. شەش تیرۆریست لە پارێزگای سەڵاحەددین دەستگیرکران

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند، شەش تیرۆریست لە سنووری پارێزگای سەڵاحەددین دەستگیرکراون کە یەکێکیان ئافرەتە. لە ڕاگەیەندراوێکدا وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی ئاژانسی هەواڵگریی لە وەزارەتی ناوخۆ، بەپێی ماددەی چواری تیرۆر، شەش تیرۆریستیان بەتۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کە یەکێکیان ئافرەتە لە ژمارەیەك ناوچەی پارێزگای سەڵاحەددین دەستگیرکردووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە ئەو شەش تیرۆریستە، دوای پێکهێنانی تیمێکی شارەزا و چاودێرکردنیان لە میانی بۆسەیەکدا دەستگیرکراون. ئاماژە بەوەیش دراوە کە ئەو شەش دەستگیرکراوە لە میانی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکان لە پارێزگای سەڵاحەددین هەڵاتبوون.

ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی ناوخۆ باسی لەوەیش کردووە کە ئەو دەستگیرکراوانە بە ئامانجی تەواوکردنی ڕێوشوێنی یاسایی، دەست بەسەرکراون.



بەریتانیا.. دووبارە قوتابخانەکان بەڕووی قوتابییاندا کرانەوە

دوێنێ سێشەممە نزیکەی سەدا ٤٠ی قەتابخانەکانی بەریتانیا بەڕووی قوتابییاندا کرانەوە، بڕیاریشە لەم هەفتەیەدا، بەشێکی زۆری قوتابخانەکانی دیکەش بکرێنەوە.

لەو بارەیەشەوە وەزیری پەروەردەی بەریتانیا، گاڤین ویلیەمسەن ڕایگەیاند: دووبارە گەڕانەوەی منداڵان بۆ قوتابخانە نەك تەنها لە ڕووی پەروەردەوە، بەڵکو بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی منداڵەکانیش گرنگییەکی زۆری هەیە.

وەزارەتی پەروەردەی ئەو وڵاتەش پەیڕەکردنی سیستەمێکی نوێی ڕاگەیاند کە تیایدا بۆ پاراستنی قوتابی و مامۆستاکان ڕەچاوی دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتیی دەکرێت. سەندیکا پەروەردەییەکانیش داوا دەکەن لەبەر ئەوەی بەشێکی خێزانەکان بەهۆی کۆرۆناوە منداڵەکانیان نانێرنەوە بۆ قوتابخانە، سزای ئامادەنەبوون لە وانەکان بەشێوەیەکی کاتی بوەستێندرێت.

بەپێی یاسای ئەو وڵاتە ئەگەر منداڵێك بەڕێژەیەکی دیاریکراو ئامادەی وانەکانی نەبێت دایك و باوکی سزای مادی دەدرێن.



عێراق مانگی ئاب 80 ملیۆن بەرمیل نەوتی فرۆشتووە

وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە کۆی گشتیی داهاتی نەوتی هەناردەکراو لە مانگی ئابی ڕابردوودا، گەیشتووەتە سێ ملیار و ٥١٧ ملیۆن و ٤٥ هەزار دۆلار.

گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، عاسم جیهاد لە ڕاگەیەندراوێکدا پشت بەستن بە ئاماری کۆتایی کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق «SOMO»، کۆی گشتیی داهاتی نەوتی هەناردەکراو بۆ مانگی ئابی ڕابردووی، بڵاوکردەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، کۆی گشتیی بڕی نەوتی هەناردەکراو لە مانگی ئابی ڕابردوودا، گەیشتووەتە ٨٠ ملیۆن و ٤٩٤ هەزار و ٥٣٦ بەرمیل کە داهاتەکەی سێ ملیار و ٥١٧ ملیۆن و ٤٥ هەزار دۆلار بووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، عاسم جیهاد ئاماژەی بەوە داوە کە لە مانگی ئابی ڕابردوودا، بڕی نەوتی هەناردەکراو لە کێڵگە نەوتییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، گەیشتووەتە ٧٧ ملیۆن و ٥٠٥ هەزار و ١٣٦ بەرمیل.

عاسم جیهاد ئاشکرایشی کردووە کە لە مانگی ئابی ڕابردوودا، بڕی نەوتی هەناردەکراوی کەرکووك لەڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە، گەیشتووەتە دوو ملیۆن و ٩٨٩ هەزار و ٤٠٠ بەرمیل.

عاسم جیهاد ڕاشیگەیاندووە کە لە مانگی ئابی ڕابردوودا، ڕۆژانە دوو ملیۆن و ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە بەندەرکانی بەسرە، و ٩٧ هەزار بەرمیل لە کەرکووك بۆ بەندەری جەیهانی تورکی، هەناردەکراوە.

گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، عاسم جیهاد هەروەها ڕاشیگەیاندووە کە لە مانگی ئابی ڕابردوودا، یەك بەرمیل نەوت بە ٤٣ دۆلار و ٦٩ سەنت فرۆشراوە.

حەماس: چیتر ئیسرائیل ناکەینە ئامانج

بزووتنەوەی حەماسیش لەگەڵ ئیسرائیل ڕێککەوت



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

دوای ئەوەی لە کەرتی غەزەی فەڵەستینەوە بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر هێرش دەکرایە سەر ئیسرائیل و لە بەرامبەریشدا ئیسرائیل بە موشەك و فڕۆکە بۆردومانی غەزەی دەکرد و لەم ماوەیەی دواییشدا گەمارۆی بەسەر بزووتنەوەی حەماس و گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان و خەڵکی غەزە سەپاند و ناردنی سووتەمەنی و وزەی بۆ غەزە ڕاگرت، بزووتنەوەی حەماس ڕۆژی دووشەممە هێورکردنەوە و ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگەیاند و تەئکیدیشی کردەوە کە ئاگربەست و ئاساییکردنەوەی سنووری غەزە لەگەڵ ئیسرائیل بەدەستپێشخەریی قەتەر بووە.

لە بەیاننامەیەکدا کە لە نووسینگەی ئیسماعیل هەنیە ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی حەماس دەڕچووە، هاتووە: دوای ئەوەی نێوەندگیریی باڵیۆزی قەتەری لەنێوان ئیسرائیل و حەماس سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لە دوێنێ سێشەممەوە بارودۆخی سنووری غەزە و ئیسرائیل ئاسایی بۆتەوە و کۆی گشتی هێزە ئیسلامییەکانی دەسەڵاتدار لەغەزە بەم ئاشتی و ئاگربەستە ڕازیبوون و بڕیاریشە سنووری نێوانمان بکرێتەوە و سووتەمەنی و کەرەستەی پێویست لە ئیسرائیلەوە ڕەوانەی غەزە بکرێت و حکوومەتی قەتەریش بەڵێنی هاوکاری مادی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا داوە کە لە کەرتی غەزە بڵاوبۆتەوە.

لەبەیاننامەکەی حەماسدا ئەوەش هاتووە کە ماوەیەکە گفتوگۆکانی نێوان ئێمە و ئیسرائیل بە نێوەندگیری قەتەر دەستپێکردووە و گەیشتینە ئاگربەست و چیتر ئیسرائیل ناکەینە ئامانج.

تۆندوتیژی پۆلیس لە ئەڵمانیا بەرامبەر خۆپیشاندەران کاردانەوەی لێکەوتەوە




پەنابردنە بەر تۆندوتیژی لەلایەن پۆلیسەوە بەرامبەر دوو ژن کە یەکێکیان دووگیان بوو لەو خۆپیشاندانەی بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بەڕێوە چوو، کاردانەوەی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا.

تیمەکانی پۆلیس هەوڵیان دا بڵاوە بەو خۆپیشاندەرانە بکەن کە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەبەردەم کۆتەڵی سەرکەوتن لە ناوچەی تیەرگراتەر گرد ببوونەوە. بەپێی ئەو گرتانەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتییدا بڵاو کراونەتەوە، دەبیندرێت چوار پۆلیس داوا لە ژنە خۆپیشاندەرێك دەکەن کە لەسەر سك درێژ بێت و کەلەپچەی بکەنە دەستی، بەڵام کاتێك ژنەکە ئەمە ڕەت دەکاتەوە و بەرامبەریان دەوەستێتەوە، یەکێك لەو پۆلیسانە بۆکسی پیادا دەکێشێت. ئەمەش کاردانەوەی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی بە دوای خۆیدا هێنا. پۆلیسی بەرلین ڕایگەیاند کە ئەم ژنە پابەند نەبووە بە ڕێوشوێنەکان بۆ ڕێگەگرتن لە بڵابوونەوەی کۆرۆنا و دەستیشیان کردووە بە لێکۆڵینەوە لەو تۆندوتیژیەی بەرامبەری بەکار هێنداوە کاتێك کە ویستراوە دەستگیر بکرێت.

بەپێی هەواڵێکی دیکە کە لە میدیاکانی ئەو وڵاتە بڵاو کراوەتەوە، ژنێکی دیکە کە دووگیان بووە لەلایەن پۆلیسەوە لەسەر سك درێژ کراوە، نەهێڵدراوە جووڵە بکات. لە ڕاگەیەندراوەکەی پۆلیسدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەو ژنە دووگیانە تفی بە پۆلیسدا کردووە و بەتوندی دژی پۆلیس وەستاوەتەوە، هەردوو ژنەکەیش ڕەتیان کردووەتەوە کە بچنە نەخۆشخانە.

هەرێمی کوردستان.. 595 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 24 کەسیش گیانیان لەدەست دا



دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان ٢٩ هەزار کەسی تێپەڕاند ژمارەی تووشبووان لە دهۆك لە هەڵکشانی بەردەوامایە.

لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان ٥٩٥ تووشبووی نوێی کۆرۆنا تۆمارکرا، بەرزترین ڕێژەیان لە دهۆکە بە ٢٣١ تووشبووی نوێ، لە هەولێرە ١٨٩ تووشبوو، لە سلێمانی ١١٢ و لە گەرمیان ٣٣ کەس و لە پارێزگای هەڵەبجەش ٣٠ تووشبووی نوێ تۆمارکراوە.

وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٤٧١ تووشبووی کۆرۆنا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا چاکبوونەتەوە، بەرزترین ڕێژەیان لە هەولێرە بە ٢٦٧ کەس و لە دهۆك ١٠٩ کەس و لە سلێمانی ٣١ کەس و لە گەرمیان ٣٧ و لە هەڵەبجەش ٢٧ تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە.

هەر لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووشدا لە هەرێمی کوردستان ٢٤ کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، بەرزترین ڕێژەیان لە هەولێرە بە ١٠ کەس و شەش کەس لە سلێمانی و پێنج کەسیان لە دهۆك و سێ کەسیش لە دهۆی ڕاپەڕین.

بەپێی ئاماری گشتی وەزارەتی تەندروستی تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان، ٢٩ هەزار و ٣٤٧ تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکراوە، لەو ژمارەیە ١٨ هەزار و ٥٢٠ کەسیان چاکبوونەتەوە و نۆ هەزار و ٧٢٩ کەسیش بۆ چارەسەرکردنیان چاودێری تەندروستیان لەسەرە. تاوەکو ئێستاش لە هەرێمی کوردستان هەزار و ٩٨ کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

داوا لە ماکرۆن و یەکێتیی ئەورووپا دەکرێت حزبوللا بە ڕێکخراوی تیرۆریستی لەقەڵەم بدەن



بۆ ئەوەی لە ئەورووپا وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێندرێت، داوا لە سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن و یەکێتیی ئەورووپا دەکرێت حزبوللا لوبنان بە ڕێکخراوی تیرۆریستی لەقەڵەم بدەن.

لە پەیامێکی کراوەدا کە لە ڕۆژنامەی Le Figaro بڵاو کراوەتەوە و نزیکەی ٢٧ کەسی تیادایە کە پێکهاتوون لە هەریەك لە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی فەرەنسا، ئانیی گێنێتڤارد و سەرۆکوەزیرانی پێشوو، مانوێل ڤالس و وەزیری پێشووتری دەرەوە، بێرنیاس دوبۆیس و ڕێکخەری گشتیی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوو، میشێل بروگیەر و ژمارەیەك ڕۆژنامەنووس و پارێزەر داوا لە سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن و یەکێتیی ئەورووپا دەکرێت حزبوللا لوبنان بە ڕێکخراوی تیرۆریستی لەقەڵەم بدەن.

لە پەیامەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە ئەگەر حزبوللا بە ڕێکخراوی تیرۆریستی لەقەڵەم نەدرێت، ئەوا لوبنان خاوەن سەروەری نابێت. لە پەیامەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە کە تا دێت هێزی زیانبەخشی حزبوللا لە لوبنان زیاد دەکات و ئەو ڕێکخراوە سیاسییە یەکێکە لەوانەی بەرپرسیارن لە داڕووخانی سیستەمی ئابووری لوبنان.

لە پەیامەکەدا هەروەها نیگەرانی دەربڕدراوە لەوەی کە هێشتا حزبوللا خاوەن توانای سەربازییە و بە پێویست زانراوە چەکی لێ دابماڵدرێت.

وەزیری دەرەوەی کۆماری ڕووسیای فیدراڵ ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ نێوەندگری لەنێوان ئەمەریکا و ئێراندا، ڕادەگەیەنێت. دوێنێ سێشەممە ١-٩-٢٠٢٠، سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە وتارێکدا لە زانکۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە مۆسکۆ، ڕایگەیاندووە، ڕووسیا ئامادەیە بۆ فەراهەمکردنی کەشێکی لەبار بۆ دانوستاندنی ئەمەریکا و ئێران.

سێرگی لاڤرۆڤ هەروەها ڕایگەیاندووە، کە باشترە لایەنە ناکۆکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر دابنیشن و داواکارییەکانیان بخەنە ڕوو و گوتوویەتی، "ئەگەر هەردوو لا بیانەوێ، ئامادەین نێوەندگیری لەنێوان ئەمەریکا و ئێراندا بکەین". ئەمەریکا پێیوایە ئێران هۆکاری ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و پاڵپشتیی گرووپە تیرۆریستییەکان دەکات و ئێرانیش ئەمەریکا بە "شەیتانی گەورە" ناودەبات و پێیوایە ئەو وڵاتە هۆکاری ناسەقامگیریی ناوچەکەیە.


ڕووسیا.. ژمارەی توشبووانی کۆرۆنا ملیۆنێکی تێپەڕاند



لە ڕووسیا کۆی گشتیی حاڵەتەکانی تووشبوون بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، گەیشتە ملیۆنێك و ٤٨ حاڵەت . بەپێی ڕاگەیەنراوێکی ناوەندی کۆنترۆڵکردن و بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا کە دوێنێ سێشەممە بڵاوکرایەوە، لە ٢٤ کاتژمێردا، چوار هەزار و ٧٢٩ کەسی دیکە تووشی پەتاکە بوون و بەوەیش کۆی گشتیی حاڵەتەکانی تووشبوون گەیشتووەتە، ملیۆنێك و ٤٨ حاڵەت.

هەروەها ١٢٣ کەسی دیکە بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە و کۆی گشتیی ژمارەی ئەو تووشبووانەی بە پەتاکە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، ١٧ هەزار و ٢٩٩ کەس، هەروەها شەش هەزار و ٣١٨ تووشبووی دیکە پەتاکەیان تێپەڕاندووە و چاکبوونەتەوە، بەوەیش تا ئێستا ٨١٥ هەزار و ٧٠٥ تووشبووی کۆرۆنا لە ڕووسیا چاکبوونەتەوە.

لاڤرۆڤ: ئامادەین نێوەندگیری لەنێوان ئەمەریکا و ئێراندا بکەین



نێودەوڵەتییەکان لە مۆسکۆ، ڕایگەیاندووە، ڕووسیا ئامادەیە بۆ فەراهەمکردنی کەشێکی لەبار بۆ دانوستاندنی ئەمەریکا و ئێران.

سێرگی لاڤرۆڤ هەروەها ڕایگەیاندووە، کە باشترە لایەنە ناکۆکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر دابنیشن و داواکارییەکانیان بخەنە ڕوو و گوتوویەتی، "ئەگەر هەردوو لا بیانەوێ، ئامادەین نێوەندگیری لەنێوان ئەمەریکا و ئێراندا بکەین". ئەمەریکا پێیوایە ئێران هۆکاری ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و پاڵپشتیی گرووپە تیرۆریستییەکان دەکات و ئێرانیش ئەمەریکا بە "شەیتانی گەورە" ناودەبات و پێیوایە ئەو وڵاتە هۆکاری ناسەقامگیریی ناوچەکەیە.

بەرپرسی لقی 16:

پابەند بوون بەرێنماییە تەندروستیەکان و خۆپارێزی لەنەخۆشی کۆرۆنا ئەرکێکی نیشتمانییە



بەمەبەستی خستنەڕووی دواییـن رووداوو پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو تاووتوێکردنی کارنامەی لق بۆ وەرزی داهاتوو ئاگادارکردنەوە لەکێشەو گیروگرفتەکانی هاونیشتمانیانی سنوورەکە و دانانی بەرنامەیەکی گونجاو لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی دەڤەرەکە , بڵند ئیسماعیل ئاراوە , سەرەڕای ئەمانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لەپرۆژە خزمەتگوزاریەکانی لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان . دواتر بڵند ئیسماعیل کارنامەی لقی ١٦ ی خستەڕوو بەئامانجی زیاتر خزمەتکردنی هاونیشتمانیان لەسنووردکەو ئاسانکاری بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و زیاتر هۆشیار کردنەوەی هاوڵاتیان بە پابەندبوونیان بەرێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و خۆپارێزی لەنەخۆی کۆرۆنا کە جگە لەوەی ئەرکێکی مرۆڤانەیە ئەرکێکی نیشتمانیشە لەپێناو سەلامەتی خۆیان و خانەوادەکانیان بەتایبەتی و کۆمەڵگاکەمان بەگشتی , هەر لەمیانی کۆبوونەوەکەداو بەئامانجی دەوڵەمەندتر کردنی کارنامەکە لەلایەن ئامادەبووانەوە چەندین سەرنج و تێبینی و پێشنیار خرانەڕوو گفت وگۆی تێروتەسەلیان لەسەر کرا .

لقی ١٦ ی هەولێر تیشکی خستەسەر دواییـن رووداوو پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە نەخوازراوەی بەهۆی لێکەوتەکانی پەتای کۆرانـاو بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە هاتۆتە بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد کەتیایدا کارگێڕانی لق ئامادەبوون .
لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەدا دوای وەستانی خولەکێك بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان سەروەریان بارزانی نەمرو کاك ئیدریسی هەمیشە لەیاد بەرپرسی پەروەردە وتارێکی پێشکەش کردو تیایدا ڕۆڵی وەبەرهێنەرانی بەڕۆڵێکی مێژووی وەسفکرد ، ئاماژەی بەوەشکرد کەئەمە یەکەمین هەنگاو نییە، لەمبارەیەوە وتی : بە ناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سوپاسی هەموو ئەو وەبەرهێنانە دەکەین کە لەڕابردوودا ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە بواری پەرەپێدانی ژێر خانی پەروەردەیی و دروستکردنی قوتابخانەکان ئەم ڕۆڵە ڕۆڵێکی مێژووی و گرنگە کە جگە لە ئەرکی بازرگانی و وەبەرهێنان لە پەروەردە وتارێکی پێشکەش کردو تیایدا ڕۆڵی وەبەرهێنەرانی بەڕۆڵێکی مێژووی وەسفکرد ، ئاماژەی بەوەشکرد کەئەمە یەکەمین هەنگاو نییە، لەمبارەیەوە وتی : بە ناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سوپاسی هەموو ئەو وەبەرهێنانە دەکەین کە لەڕابردوودا ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە بواری پەرەپێدانی ژێر خانی پەروەردەیی و دروستکردنی قوتابخانەکان ئەم ڕۆڵە ڕۆڵێکی مێژووی و گرنگە کە جگە لە ئەرکی بازرگانی و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان هەریەکە و بەپێی توانا و شارەزایی خۆی بەشداری لەم بزووتنەوەیەدا کردووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم مەترسیدارە و ئێستا هەرێمی کوردستان بەهەموو توانا و هێزێکەوە لەگەڵ هاوبەشانی نێودەوڵەتی خۆیدا بەردەوامە لەبەرەنگاربونەوەی ئەم مەترسیدارە و ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە ڕاگەیاندنی ڕۆژانەدا ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان دەکەنەوە لە مەترسیدارییەکانی ئەم ڤایرۆسە و ڕێگاکانی ڕزگاربوون لێی و هەنگاوەکانی حکومەتیش بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم ڤایرۆسە و ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی ئەم ڤایرۆسە و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زیاتر بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە تووشبوون بە ڤایرۆسەکە و ڕاگرتنیان لە ماڵەکانیان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زیاتر بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ تووشبووەکاندا هاتوچۆیان کردوو



قەرەبالّغی لەسەر نەخۆشخانەکان کەمبووەتەوە

لە هەولێر ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە داکشاندایە

تەندروستی هەولێر: رۆژانە لە رێگەی سێ بنکەی تەندروستییەوە پشکنینی تایبەت بە کۆرۆنا بۆ هاوڵاتیان دەکرێت



خەبات: عەلی بانیشاری

تەندروستی هەولێر رایدەگەیەنێت بەهۆی گرتنەبەری رێکارە تەندروستییەکان ماوەی دوو هەفتەیە ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەمیکردووە. رۆژی دوو شەممە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم بڵاویکردەوە تاوەکو ئێستا 28752 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیەش 18049 کەسیان چاکبوونەتەوە و 1074 کەسیش گیانلەدەستداوە. وەزارەتی تەندروستی هەرێم دووپاتی دەکاتەوە هێشتا دۆخەکە مەترسیدارە.

سامان سەمان، بەڕێوەبەری راگەیاندنی تەندروستی هەولێر بە(خەبات)ـی گوت: ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆ دوو هەفتە دەبێت کەمیکردووە، ئەمەش بەهۆی ئەو رێکارە تەندروستیانەوە بووە کە گیراوەنەتەبەر. گوتیشی: ناتوانین بڵێین مەترسی کۆرۆنا نەماوە و دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە، چونکە هێشتا ڤایرۆسەکە لە جیهاندا ماوە و ڤاکسینی دژە کۆرۆنا نەدۆزراوەتەوە.

ئەگەرچی 11ی ئابی ئەمساڵ وەزارەتی تەندروستی رووسیا رایگەیاند ڤاکسینی دژە کۆرۆنایان بەسەرکەوتووی تاقیکردووە، بەڵام هێشتا رێکخراوی تەندروستی جیهانی ڤاکسینەکەی ئەو وڵاتەی پەسەند نەکردووە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لە رێگەی سێ بنکەی تەندروستیەوە لە سەنتەری شاری هەولێر رۆژانە پشکنینی کۆرۆنا بۆ هاوڵاتیان ئەنجام دەدات.

بەڕێوەبەری راگەیاندنی تەندروستی هەولێر ئاماژەی بەوەدا گەشتیاران لە (بنکەی تەندروستی زانکۆ) و کارمەندانی کۆمپانیاکان لە (بنکەی تەندروستی نازدار بامەڕنی) و بەرکەوتووانی تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە (بنکەی تەندروستی مەلافەندی) رۆژانە لە کاتژمێر پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدرێت. سامان سەمان دەڵێت: خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە نەخۆشخانە حکوومییەکان بەردەوامە و ئەوەی بۆ نەخۆش پێبان بکرێت دریخی ناکەین. ئەوەشی گوت: رۆژانە لە کاتژمێر8ی بەیانی تاوەکو 4ی ئێوارە هاوڵاتیان دەتوانن لە رێگەی سەنتەری داتا و زانیاری بەڕێوەبەرایەتیان بە ژمارە تەلەفۆنەکانی (07502578585، 07502579292، 07502580101، 07502580202) ئەنجامی پشکنینەکان وەربگرنەوە.

بەپێی ڕاگەیاندراوی (24) کاتژمێری تایبەت بەنەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID19) کە رۆژی دووشەممە وەزارەتی تەندروستی بڵاویکردەوە لە پارێزگای هەولێر 1777 پشکنین تایبەت بە کۆرۆنا ئەنجامدراوە، لەو ژمارە 169 کەسیان هەڵگری ڤایرۆسەکە بوون. هەر لە هەولێر لەو 24 کاتژمێرەدا 255 کەس چاکبوونەتەوە و 9 کەسیش گیانلەدەستداوە. لە راگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتووە تاوەکو ئێستا 125674 پشکنینی تایبەت بە کۆرۆنا لە پارێزگای هەولێر ئەنجامدراوە و 11800 کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون، لەو ژمارەیەش 7680 تووشبوو چاکبوونەتەوە و 408 کەسیش گیانلەدەستداوە.

بەڕێوەبەری راگەیاندنی تەندروستی هەولێر دەشڵێت: کەمبوونەوەی ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا جێگەی دڵخۆشییە، بەڵام دەبێت زیاتر خۆمان بپارێزین و لە شوێنی قەرەباڵخ و داخراو دوور بکەینەوە. لەبارەی پێشبینیان بۆ ژمارەی تووشبووان بەکۆرۆنا لە دوو هەفتەی ئایندەدا، سامان سەمان گوتی: تەنها رێکارە تەندروستیەکان و پابەندبوونی هاوڵاتیان بە رێنماییەکان دەتوانێت ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە کەمبکاتەوە.

بەپێی ئاماریکی وەزارەتی تەندروستی کە 30ی مانگی رابردوو بڵاویکردووەتەوە رێژەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ماوەی سێ هەفتەدا لە پارێزگای هەولێر رووی لە دابەزین کردووە، بەشێوەیەک لە 7-13ی ئاب 2343 کەس تووشی کۆرۆنا بوون، لە 14-20ی ئاب 1699 کەس و لە 21-27ی ئاب 1570 کەس. ژمارەی چاکبووەکانیش بەم شێوەیە بووە لە 7-13ی ئاب 65 کەس و لە 14-20ی ئاب 1053 کەس و لە 21-27ی ئاب 1760 کەس، بەو پێیەش بێت رێژەی چاکبوونەوە لە 19.0% بۆ 27.1% بەرزبووەتەوە.

هۆکاری کەمبوونەوەی هاوسەرگیری لە بەدواداچوونێکی خەبات دا

کوڕێک: گرانبوونی نرخی زێڕ و بێکاری، هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی هاوسەرگیرییە



کچێک: ئامادەنیم بە زێڕێکی کەم، شوو بە هیچ کوڕێک بکەم





بەدواداچوون: دیدار سابیر

ئەمساڵ بە جیاواز لەساڵانی رابردوو رێژەی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لەکەمی کردووەو لە بەرانبەردا رێژەی تەڵاق زیادی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا نرخی زێڕ رۆژبەڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایەو بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو، شارەزایانی بواری ئابووری و دەروونناسانی کۆمەڵایەتی هەریەکەو بەجۆرێک بیروڕایان لەسەر ئەم بابەتە دەخەنەڕوو، خەڵکی ئاساییش بەجۆرێکی تر شیکردنەوە بۆ بابەتەکان دەکەن، لەبەدواداچوونێکی خەباتدا ئەو کەسانە دەدوێنین کە لەناو بارودۆخەکەن یاخود شارەزایبان هەیە لەسەر هۆکارەکانی کەبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری.

شەونم کچێکی دەرچووی کۆلێژە گوتی: نەبوونی متمانە لەنێوان کوڕو کچ و زۆربوونی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی رێژەی هاوسەرگیرییە، هاوکات قورسی ژیان و نەبوونی داهات، وایکردووە گەنج و بەتایبەت کوڕان نەتوانن ژن بێنن.

ئیسماعیل گەنجێکی تەمەن 30ساڵانی دەرچووی پەیانگایە دەڵێت: فەرموو ئێوە پێمبڵێن چۆن من ژن بێنم؟ بەو گرانی و بێئیشییە من گەنجێکم چەند ساڵە خوێندنم تەواوکردووە و دامەزراندن نییە، سیڤیم بۆ چەندین کۆمپانیا ناردووە وەڵامیان نەداومەتەوە، لەبەر ئەوەی من کەس ناناسم، بەم حاڵەوە چۆن بیر هاوسەرگیری بکەمەوە!

هەردی گەنجێکی تر، کە ئەمساڵ خوێندنی تەواوکردووە دەڵێت: سێ ساڵە کچێکم خۆشدەوێ و بریاری هاوسەرگیریان داوە، بەڵام ئێستا باری دارایی مااڵەوەمان خراپەو خۆم بێئیشم و ئەو کچەی خۆشیشمدەوێت هەر بێئیشە و بەو زێڕ گرانییەو هاتنی کۆرۆناش یەکجاری ئیشوکاری نە هێشت.

سازان ژنێکی فەرمانبەرە لە یەکێک لەفەرمانگەکان گوتی: کەمیی رێژەی هاوسەرگیری بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە، کە بەشێکی زۆر لەکچەکان داوای زێڕی زۆر لە کوڕەکان دەکەن و داوای ماڵی سەربەخۆش دەکەن! کوڕەکانیش ناتوانن ئەمبارە قورسە بخەنە سەرشانیان ناچار بەبێ هاوسەر ژیانیان بەڕێ دەکەن.

کامەران گەنجێکی تر کە پیشەی کرێکاری بوو تەمەنی سەرووی 30 ساڵەو کاتێک پرسیارم لێکرد بەپێکەنینەوە گوتی: ژن بەچی بێنم؟ کوا پارە؟ کوا ئیش؟ رۆژانە لەبەیانی هەتا ئێوارە کرێکاری دەکەم بە 25 هەزار ڕۆژێک ئیشم هەیە و 10 رۆژ بێئیشم! بەو زێڕ گرانی و قورسی ژیان و ڕۆژێک ئیش هەبێت و 10 رۆژ نەبێت، ژن چۆن دێت.!

ئیدریس گەنجێکی تری تەمەن 28 ساڵان بوو کاتێک پرسیاری هاوسەرگیریان لێ کرد گوتی: ژنم نەهێناوە کاتێک پرسیم بۆ؟ گوتی: سێ ساڵە خوێندنم تەواو کردووە هەتا ئێستا بێ کارم جارجار بە سەد تکا دەمبەنە ئیش، ئەویش مانگ هەیە سێ تا چوار رۆژ ئیش هەیە، بەڵام کۆرۆنا ئەویشی نەهێشت، ئەگینا پارە و ئیشم هەبوایە لەسبەی زووتر نەبوو دەبوایە ژن بێنم و خێزان دروست بکەم، بەڵام بەو حاڵەوە بێ ژن بم باشترە، چونکە نامەوێ شەرمەزاری ژن و کەسوکار ببم.

سەروین کچێکی تر بوو لە یەکێک لەکارگەکانی شیرنەمەنی کاری دەکرد گوتی: هۆکارەکەی بۆ قورسی ژیان و نەبوونی کارو کەسابەت دەگەڕێنمەوە، خراپی بارودۆخی سیاسیش زۆر کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی رێژەی هاوسەرگیری هەیە.

جەیلان کچێکی تربوو کە قوتابی قۆناغی سێیەمی کۆلێژبوو گوتی: زۆربەی هۆکاری کەمیی هاسەرگیری بۆ نەبوونی پارە دەگەڕێتەوە، من ئامادەنیم بەبێ زێڕیان بە زێڕێکی کەم شوو بەکوڕێک بکەم، چونکە بەشێک لەهاوڕێکانم زێڕیان بۆ نەکرا یان کەمیان بەکوڕەکە کرد، ئێستا پیاوەکانیان لێیان بێمنەتن و رێزیان ناگرن، بۆیە منیش لەخۆم بێزار نیم و خۆم نەدۆزیوەتەوە بچم بە بەخۆڕایی شوو بە کوڕێک بکەم.

سەرتیپ پیاوێکی تر بوو لەیەکێک لەخواردنگەکانی شەقامی ئیسکان کاری دەکرد گوتی: زۆر گەنج هەیە حەزی لەژنهێنانە، بەڵام بێ پارەیەو ناتوانێت ژن بهێنێت. من کە هاوسەرگیریم کرد خێزانەکەم داوای پارەو زێڕی زۆری نەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا دوای هاوسەرگیری بەشێکی زێڕەکانی فرۆشتەوە بۆ پێداویستییەکانی ناومااڵ، بۆیە ناکرێت تەنیا پارەو زێڕ وەک هۆکاری کەمبوونەوەی هاوسەرگیری دابنێین.

مامۆستا محەمەد عەلی پیاوێکی ئایینییەو دەڵێت: بەپێی شەرعی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) باشترین هاسەرگیری ئەو هاسەرگیریەییە کە ماردییەکەی کەم بێت و خودا زیاتر خێرو بەرەکەت دەخاتە ناو خێزانەکانیان لەژیانی داهاتوویان، ئەگەر کچان لەکاتی هاتنی داخوازیان لەلایەن بنەماڵەی کوڕەوە ڕەچاوی ژیان و بژێوی و لایەنی ئابووری ماڵی کوڕەکە بکەن، خێرێکی یەکجار گەورەیان پێدەگات.

هاوڕێ حوسێن تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە و پێیوایە کەمبوونەوەی متمانە لەنێوان هەردوو ڕەگەز و کێشەو ئاریشە ئابوورییەکانی ئێستا، وایکردووە رێژەی هاوسەرگیری کەمتر بێتەوە، ئەو گوتی: بەڵام بەو مانایەش نییە کە هاوسەرگیری بەو ئاستە کەمی کردبێت، هۆکارەکانیش زیاتر ئابووری و کۆمەڵایەتیین، ئەگینا ژینگەیەکی نێو کۆمەڵگەی کوردی، ژینگەیەکی لەبارە بۆ چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو، ئەگەر لەسەر بنەمای یەکتروێستن و لەیەکتر تێگەیشتن ئەنجام بدرێت.

دایکی شەهیدانی کوردستان (دایکە عایشە) چیایەکی خۆراگر و پڕشانازی بوو بۆ کورد



سۆز و هەنیسك و خۆراگری و نیشتیمان پەروەری بەرامبەر خاکی کوردستان بۆ رایگشتی بخەینەروو و دیمانەکە رۆژی 2ی12ی 2014 لە رۆژنامەی خەبات بڵاو کرایەوە.

خانەوادەی دایکە عایشە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و تێکۆشەر و دڵسۆز و فیداکاری رێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمرن. بنەماڵەیەکی بەجەرگ و خۆنەویست و نیشتیمان پەروەرن. سەرەڕای شەهید بوونی 3کوڕی لەیەك کات و یەك سەنگەردا بەڵام هەردەم دایکە عایشە دەیگوت: «خوا تەمەنی سەرۆك بارزانی درێژ بکات، سەرفرازم کە کوڕەکانم لە پێناو کوردستان شەهید بوونە».

دایکە عایشە ئافرەتێکی مێهرەبان و دڵسۆز و نیشتیمان پەروەر بووە، دایکێك بووە بۆ هەموو شەهید و پێشمەرگە و نیشتیمان پەروەر و تەنانەت میدیا و ڕاگەیاندکارەکان. هەموو کاتێك لە هەموو دیمانە و چاوپێکەوتنی میدیاییدا دایکە عایشە هەردەم ئاموژگاری راگەیاندنکارەکانی کوردستانی دەکرد کە هۆشیار بن دڵسۆز و بەوەفابن بۆ کوردستان و یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بن و پاڵپشتی سەرۆك بارزانی و ئەو کوردستانە بن کە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانە و دەبێ سەرفراز بین، بۆیە لە بۆنەکان هەموو کاتێك دایکە عایشە پەیامی هەبووە کە ئەویش پەیامی یەکرێزی و تەبایی بووە و داوای لە لایەنە کوردستانییەکان دەکرد، دەبێ یەك بن کاتێ لەسەنگەری بەرگری لە گەل و نیشتمان و لە رامالێنی تاریکخوازانی داعشدا خوێنی سێ رۆڵەی ئازیزی لە یەك کات و رۆژدا پرژاندە بن داری نەشونماکردووی ئازادیمان. کاتێك ئەم شێرەژنە و ئەندامانی ماڵباتەکەشیان دەدوێنی نەك خۆیان بە کارەساتبار نابینن، بەڵکو بیروباوەڕی رێبازەکەیان سەبر و حەماسەتێکی وای پێ بەخشیون کە مرۆڤ شانازی بە هەڵوێستیانەوە بکات.

«دایکێکی شەهید پەروەر لە تۆماڕێکی مێژووییدا»

دایکە (عایشە تەها) هاوسەری (عوسمان شەریف)ی پێشمەرگە و دایکی 3 برای پێشمەرگە (ئەحمەد عوسمان، نەجات عوسمان، مەولود عوسمان)، کە ئەم سێ تێکۆشەرە لە 25-10-2014 لەگەڵ پۆلێکی تر لە هاوسەنگەرانیان بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان دژی داعش لە زومار گەیشتنە قافڵەی سەروەران و بوونە نموونەی دیکەی فیداکاری لە رێی پاراستنی کوردستانەکەیان.

کاتێ لە شاری سۆران چووینە خزمەتی ئەم دایکە ڕووسور و سەربەرزە و لە حزوری خانەوادەکەیاندا دانیشتین، هەرچەند سەردانکار و پرسەخوازیان زۆربوو، وەلێ خۆیان هەرگیز بە کەس و خانەوادەیەکی تازییەبار و ماتەمگێڕ نەدەبینی، ئاخاوتن و هەڵوێستان تۆی بوو لە باوەڕبەخۆبوون و بە رێبازەکەیان رێبازی بارزانی، چونکە ماڵباتێکی قاڵبووی نێو قۆناغەکانی خەباتی شاخ بوون، بۆیە زیاتر هەست و دەربڕینەکانیان بارگاوی بوو بە نەفەسی پێشمەرگایەتی و ئەمە هێنندە رۆچووی ناو ناخیان بوو کە دووپاتیان دەکردەوە کە خۆ قوربانیکردن بۆ گەل و خاکەکەیان لە ئەیلولی قوتابخانەوە بووەتە پیشەیان و (بارزانیی باوك) بۆ ئەوان ئەو رێباز و فەلسەفەیەی ژیانە کە تیایدا شەهادەت لەپێناو خاك و کەرامەتی نەتەوەدا یەکەم وانەی خزمەت و مەدالیای سەرکەوتنە.

دایکە عایشە کاتێ بەرەبەیانێك هەواڵی شەهیدبوونی 3 کوڕەکانی، کە لەگەڵ شەهیدی فەرماندە (عادل مهاجر) و پولێکی تری پێشمەرگە لە زومار چوونە کاروانی نەمرانەوە، پێیان دەگات، دەڵێ لەو کاتەدا (شوکری خوای گەورەم کرد کە کوڕەکانم لە پێناو کورد‌ایەتی و خاك شەهید بوون). ئاسان نیە دایکێکی حەسرەتدیدەی ناو رۆژگارە سەختەکانی شۆرش کە لە هەڵکشانی تەمەن و لە باریکی قورسی تەندروستیدا بێت و لە یەك رۆژدا تەرمی 3 جگەرگۆشە و رۆڵەی گەورەکردووی نێو ئەستەمییەکانی شۆرش و ئازارەکانی دەربەدەری لە سپێدەیەکدا پێکەوە بێننەوە بەردەرگای ماڵەکەی، کەچی دوور لەهەر سۆز و مەرامێکی تایبەتی ئەوە هەڵوێستی بێت و بەوپەڕی باوەڕ و راستگۆییشەوە بڵێ: (ئەوان کوڕی من نەبوون، کوڕی سەرۆك مەسعود بارزانی بوون و قوربانی رێبازەکەی بن، ئەوان بە سەربڵندی شەهید بوون لە پێناو خاکی خۆیان و ئەوە بۆ ئێمە سەرفرازییە). بەمەش ئەم خانەوادەیە و بە تایبەت ئەم شێرە دایکە نموونەیەکی بەرزی بیروباوەڕی وڵاتپارێزی و قوربانیدان و خۆراگرییان لە مێژوودا تۆمار کرد.

دایکە عایشە، دایکی 3 شەهید، (دایکی شەهیدانی کوردستان) دوای شەهیدبوونی 3کوڕەکەی لەیەک کاتدا، گوتی:

«ئەوان کوڕی من نەبوون، کوڕی سەرۆك مسعود بارزانی بوون و قوربانی رێبازەکەی بن، ئەوان بە سەربڵندی شەهید بوون لە پێناو خاکی خۆیان، ئەوە بۆ ئێمە سەرفرازییە».



هەرسێ کوڕەکەی دایکە عایشەن (ئەحمەد، نەجات، مەولود) لەگەڵ فەرماندە (عادل مهاجیر)ە کە بەیەکەوە لەیەك کات و لە یەك سەنگەردا شەهید بوون.



خەبات: قەزای سۆران – سەفەر ژاژوکی

دوو بەیانی یادی چلەی ماتەمینی شێرەژنێکی کورد، یادی کۆچی دوایی دایکە عایشەی خۆراگرە کە لە ڕێکەوتی 27-7-2020 لە قەزای سۆران پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی، ئافرەتی شۆڕشگێر و خۆراگر دایکە عایشە تەها «دایکی شەهیدانی کوردستان» لە تەمەنی 96ساڵیدا کۆچی دوایی کرد کۆچی دوایی کرد، ئەو شێرەژنەی کە لەکاتی شەهید بوونی 3 کوڕە پێشمەرگەکانی کە هەواڵی شەهیدبوونیای پێدەدەن، دایکە عایشە گوتی: «ئەوان کوڕی من نەبوون، کوڕی سەرۆك مەسعود بارزانی بوون و قوربانی ڕێبازەکەی بن، ئەوان بە سەربڵندی شەهید بوون لە پێناو خاکی خۆیان و ئەوە بۆ ئێمە سەرفرازییە». ئەوەیە شێرەژن کە ئامادە بووە دوای هەر 3جگەرگۆشەی قارەمانی کە دژی تیرۆریستانی داعش دەجەنگان بۆ پاراستنی ئارامی کوردستان. دوای شەهید بوونی کوڕەکانی دایکە عایشە ئامادە بوو لەپێناو ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و سەربەرزیی کوردستان کوڕ و نەوەکانیشی دیکەشی ئاراستەی بەرەکانی جەنگی ئازادی و سەربەخۆیی بکات. هەر لە رۆژی 27-7-2020 تەرمی دایکە (عایشە تەها) دایکی 3 شەهیدی نیشتمان ناسراو بە (دایکی شەهیدان) لە تەنیشت گۆڕی کوڕەکانی لە گۆڕستانی قەزای سۆران بە خاك سپێردرا، لە مەراسیمی بەخاك سپاردنی دیکە عایشەدا عەبدولواحید رەواندزی بەرپرسی لقی 10 و حەسەن حەدو بەرپرسی لقی 26ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە ناوی سەرکردایەتیی پارتی دیموکرات و جەنابی سەرۆك بارزانی پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری خوالێخۆشبوو دایکە عایشە دایکی شەهیدانی کوردستان کرد و باسی خۆراگری دایکە عایشەی کرد کە چەندە خۆراگر و بەهێز و نیشتمانپەروەر بووە. هەروەها کرمانج عزەت قایمقامی قەزای سۆران لە باسی ئازایەتیی دایکە عایشە کرد کە نموونەی ئافرەتی کوردی نیشتمانپەروەر و بە وەفاو بەجەرگ و خۆراگر بووە، کەچۆن پاش شەهید بوونی هەر3کوڕەکەی دایکە عایشە ئامادە بووە کوڕەکانی دیکەشی و نەوەکانی فیدای کوردستان بکات.

لەمەراسیمی بەخاکسپاردنی شێرەژنی کورد دایکە عایشەدا،پێشمەرگە «خورشید» کوڕی دایکە عایشە سوپاسی ئامادەبوانی مەراسیمی بە خاکسپاردنی دایکیان کردووە و سوپاسی جەنابی سەرۆك بارزانی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاك مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە کە پەیامی سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری ئەوان کردووە.

خوالێخۆشبوو دایکە (عایشە تەها) هاوسەری پێشمەرگەی دیرێن(عوسمان شەریف)ە کە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە و لەگەڵ دایکە عایشە هەموو ژیانی خۆیان لەپێناو کوردستاندا تەرخان کردبوو، دایکە عایشە هەمیشە و لە هەموو باروودۆخێکدا پاڵپشتی هاوسەری پێشمەرگەی بووە و پێشمەرگەکانی سەنگەر بووە بە ئامادەکردن و ناردنی خواردن و پێداویستییەکانی دیکەی بۆ برا پێشمەرگەکان لەسەرنگەر و بەرەکانی شەڕدا. لە شۆڕشی گوڵان خانەوادەی دایکە عایشە ئاوارەی ئێران دەبن و کوڕەکانی دەبنە پێشمەرگە و بەشداری لە داستان و سەروەرییەکانی شۆڕشی گوڵان دەکەن. دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 خانەوادەی دایکە عایشە دەگەڕێنەوە کوردستان و لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبن و دیسان کوڕەکانی وەك پێشمەرگە لە فەرماندەیی هەڵگورد دریژە بە ئەرکی پێشمەرگایەتی دەدەن و لەگەڵ دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش لەگەڵ کوردستان دەچنە بەرەکانی شەڕ. دایکە عایشە دایکی 3 شەهید (ئەحمەد عوسمان، نەجات عوسمان، مەولود عوسمان)، کە ئەم سێ تێکۆشەرە لەگەڵ شەهیدی فەرماندە عادل مهاجر لەسەنگەری بەرگریکردن لەخاکی کوردستان دژی تیرۆرستان (داعش) لە 25-10-2014 لەمیحوەری زومار شەهید بوون.

دوای شەهیدی بوونی هەرسێ کوڕەکانی، دایکەعایشە نازناوی «دایکی شەهیدانیان» پێ بەخشرا و جەنابی سەرۆك بارزانی چەندین بۆنەدا باسی ئازایەتی دایکە عایشە دەکات کە لەو فێری کوردایەتی دەبین. هەروەها لە بنکەی مەشقی باپیشتان سەربە قەزای سۆران خولێك بۆ ئافرەتەکانی پێشمەرگە کراوە بە ناوی خولی دایکە عایشە، هەروەها لە بەر ئازایەتی و خۆراگری و نیشتیمان پەروەری دایکە عایشە، لە 16ی ئابی ساڵی 2018 لە لایەن جەنابی سەرۆك بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمری بە دایکە عایشە بەخشرا.

جیهان زۆر باسی ئازایەتیی پێشمەرگە و ئەو دایکە خۆراگرەی کرد کە بۆ ئازادیی کوردستان 3کوڕی کردۆتە قوربانیی کوردستان. هەرە لەم ڕووەوە چەندین جار دایکە عایشە وەکو ئافرەتی کورد و تێکۆشەر و خەباتکار و میوانێکی پایەبەر بانگهێشتی دەرەوەی کوردستان کراوە.

پاش شەهید بوونی هەرسێ کوڕەکەی دایکە عایشە و وەکو بەسەرکردنەوە و پێزان لە شەهیدبوونی هەرسێ کوڕەکەی دایکە عایشە، وەکو یەکەم دیدار و یەکەم میدیای کوردی ئێمە لە ڕۆژنامەی خەبات شەرەفی ئەوامان هەبوو بۆ یەکەمجار دیمانە لەگەل دایکە عایشە ئەنجام بدەین و هەست و بۆ یەك ئامانج، ئەویش پاراستنی خاك و دەستکەوتەکانی کوردستانە کە بەخوێن و فرمێسك بەدەست هاتووە.

بەبۆنەی چلەی ماتەمینی دایکە عایشە (دایکی شەهیدان) وەکو ڕێزگرتن و وەبیرهێنانی بیروڕا و هەست و ڕامان و بیرەوەرییەکانی دایکە عایشە، لێرەدا دەخوازین دەقی چاوپێکەوتنی پێشووترمان بڵاو بکەینەوە و هەست و لێدوانەکانی دایکە عایشە بخوێنینەوە.

دوابەدوای شەهیدبوون هەرسێ کوڕەکەی دایکە عایشەدا لەیەك کاتدا و لەیەك سەنگەردا، دایکی شەهیدنمان بەسەر کردەوە و بینیمان کە دایکە (عایشە) و ماڵباتەکەی چیرۆکێکی تری خۆراگری و ئیرادەی سەرکەوتنیان پێشکەش بە کوردستان کرد. لەدیدارەکەماندا (دایکە عایشە) ئەم ڕاستییەی بۆ سەلماندین، کاتێ لەسەنگەری بەرگری لە گەل و نیشتمان و لە رامالێنی تاریکخوازانی داعشدا خوێنی سێ رۆڵەی ئازیزی لە یەك کات و رۆژدا پرژاندە بن داری نەشونماکردووی ئازادیمان. کاتێك ئەم شێرەژنە و ئەندامانی ماڵباتەکەشیان دەدوێنی نەك خۆیان بە کارەساتبار نابینن، بەڵکو بیروباوەڕی رێبازەکەیان سەبر و حەماسەتێکی وای پێ بەخشیون کە مرۆڤ شانازی بە هەڵوێستیانەوە بکات.

«ژیان لەگەڵ کاروانی شۆڕش و ئەرکی پێشمەرگایەتی»

لە باسکردنی رابردووی ژیانی خانەوادەکەیان، دایکە عایشە خۆی بەسەربەرز دەزانی کە هاوسەر و کەسوکاری هەمیشە لەنا شۆڕشی کوردستان و لە رێبازی پارتی و بارزانیدا بە ماڵ و گیان لە خزمەتی کوردستاندا بوونە و خاوەن خەباتنامەیەکی پڕشانازین، لەمبارەیەوە گوتی: (عوسمان یوسف)ی هاوسەرم کە شێخ زادەیە و خەڵکی گوندی ئالانی سەر بە ناحیەی سیدەکانە، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە بنەماڵەوە پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی پارتی کرد و بوونە پێشمەرگە و لەگەڵ شەهیدی فەرماندە (محێدین شێخ

سەرۆک بارزانی دەفەرموێت:

(هەموو جارێك بەشەو دەمگوت بەیانی هەڵدەستم دەچمە لای دایکە عایشە، بۆ بەیانی هەرچی دەمکرد نەمدەزانی چۆن بچم، نەمدەزانی چۆن بچمە لای دایکێك سێ کوڕی بە یەك دەقیقە شەهید بووبن. چێ پێ بڵێم، چی بکەم؟! چۆن بچم؟!. ئاخرییەکەی گوتم دەبێت هەر بچم، نێزیکەی دوو هەفتەی پێچوو کە چوومە ئەوێ، کاتێ ئەم دایکەم بینی، شعورێکم لا دروست بوو، من خۆم زۆر زۆر بە بچووك زانی بەرانبەر بەو گەورەییە، بەرانبەر ئەو شێرەژنە، بووکەکان و نەوەکانی لا بوو، ئەویش دیسان گوتی: «من دوو کوڕی دیکەم هەیە، هەمووی قوربانی کوردستان بن. ئێمە سەربەرزین، شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە». یەعنی شەرمم کرد، یارەب ئەمە دایکی سێ شەهیدە، هەمووی 10 بۆ 12 رۆژە لەیەك دەقیقەدا سێ کوڕی شەهید بووە و بەم مەعنەوییاتە قسە دەکات؟.







سەرۆك مسعود بارزانی (میدالیای بارزانی نەمر) بە دایکە عایشە دەبەخشێت 16ی ئاب 2018

سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی دایکە عایشە:

«دایکە عایشەی بەهەشتی، نموونەی خۆڕاگری و ئازایەتی بوو و بۆ هەموو تاکێکی کوردستان مایەی شانازییە. خۆم شانازیی ئەوەم هەبووە بە خزمەتی بگەم و وانەی خۆڕاگری و کوردایەتی لێوە فێر ببم».



فرانسوا هولاند سەرۆکی پێشوی فەرەنسا لە کاتی پێشوازی کردنی لە دایکە عایشە - هەولێر 2ی1ی2017

زادەدا) بوو، هاوسەرم خۆشەویستییەکی قوڵی لە دڵدا بوو بەرانبەر بارزانیی نەمر و ڕێبازەکەی. هەمیشە بە ئێمەی دەگوت: ئەوە ڕێبازی ڕاستەقینەی خزمەتکردنی کوردستان و بەرگری لە مافەکانی کوردستانە. بە هەمان شێوەش منیش جگە لە پەروەردە کردنی منداڵەکانم لەناو شۆڕشدا خزمەتی پێشمەرگەم دەکرد بە دروستکردنی نان و شوشتنی جلوبەرگ و ئامادەکردنی پێداویستییەکانیان بۆ بەرەکانی شەڕ و هەمیشە لەگەڵ ئافرەتەکانی گوندەکەمان خزمەتی شۆڕشیان کرد. لە دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ئێمە لە گوندی (ئالان) ماینەوە، کە شۆڕشی گوڵان دەستی پێکرد دیسان هاوسەرم بە خۆی و کوڕەکانی پەیوەندییان بە شۆڕشی گوڵانەوە کرد لە هێزی بارزان. تاکو ساڵی 1985 کە شاڵاوی ئەنفال دەستیپێکرد ئێمە بە ماڵ و خێزان گوندەکەمان چۆڵ کرد و چووینە خواکورك، ساڵی 1988 هاوسەرم و کوڕەکانم لەگەڵ محەمەد ئەمین و شەهید ئەحمەد و شەهید نەجات و شەهید مەولود چوونەوە ناو ریزەکانی پێشمەرگە و بەشداریان لە داستانی بەناوبانگی خواکورك کرد کە بە سەرپەرشتی سەرۆك مەسعود بارزانی گەورەترین دەسکەوتی بەدەستهێنا و ئێمەش لە گەیاندنی خواردن و پێداویستییەکان بۆ ناو بەرەکانی شەڕ هەرچی لە دەستمان هات کردمان. دوای سەرکەوتنی داستانی خواکورك ئێمە چووینە شاری شنۆ، بەڵام هاوسەر و کوڕەکانم لە خەباتی پێشمەرگایەتی هەر بەردەوام بوون، ئێمەش ژیانمان بە سەختی دەگوزەراند لە نەبوونی ئەوان، ڕۆژانە دەچووین ئیشوکارمان دەکرد. لە ساڵی 1996 هاوسەرم کۆچی دوایی کرد و لە ساڵی 1997 گەڕاینەوە خاکی کوردستان.

لە پەیوەندی ڕۆژانەماندا بەردەوام کوڕە شەهیدەکانم دەیانگوت: «بە خۆڕاگری پێشمەرگە میللەتی کورد هەر سەردەکەوێت».

کوڕەکانم لەسەر هەمان ڕێبازی باوکیان لە سوپای بارزان و پاشان بۆ سوپای 6 و دواتر لە سوپای هەڵگورد دریژەیان بە تێکۆشان دا. کوڕەکانم هەمیشە دەیانگوت: (دایکە ئێمە هەمان ڕێبازی باوکمان درێژە پێدەدەین و ئامادە بوون لە پێناو کوردستان بەردەوام لە خەباتدا بن و هەمیشە پێکەوە بوون بۆ هەر جێگا و شوێنێك بچوونایە). ئەم ماوەیەی کە بەشداری شەڕی بەرگریان دژی داعش دەکرد ماوە بە ماوە دەگەڕانەوە و هەمیشە مژدەی سەرکەوتنیان بە ئێمە دەگەیاند و بەردەوام بە موبایل ڕۆژانە ئاگامان لە ئەوان هەبوو. بەراستی ئەوان هەمیشە دەیانگوت: بە خۆڕاگریی پێشمەرگە هەر سەردەکەوین. کوڕەکانم باسی سەردانی جەنابی (سەرۆك مەسعود بارزانی)یان دەکرد بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەوان بەرگرییان لە کوردستانییان دەکرد و دەیانگێڕایەوە کە سەرۆك چەند بە ڕۆحیەیەکی شۆڕشگێڕی و بە مەعنەوییاتی بەهێزەوە باسی شکستی داعشی دەکرد و سەرۆك وایکرد هەموو جیهان ئاگادار بێ و زۆر بەڕپرسی گەورەی وڵاتان بێنێتە کوردستان و هاوکاری پێشمەرگە بکەن.

«سوپاس بۆ سەرۆک مەسعود بارزانی و گشت دڵسۆزانی شەهیدان»

لە بەردەوامی قسەکانی دایکە عایشە گوتی: خوا تەمەنی سەرۆك مەسعود بارزانی درێژ بکات، من دەزانم هەواڵی شەهیدبوونی کوڕەکانمی چەند پێ ناخۆش بوو، بەڵام من دڵنیای دەکەمەوە کە ئێمە هەمیشە خۆمان بە پێشمەرگەی ئەو و کوردستان دەزانین و هەمیشە بە هەموو تواناوە خزمەتکاری کوردستان و ڕێبازی بارزانیی نەمر دەبین، دەمەوێت سوپاسی هەموو لایەك بکەم کە بەشداری پرسەکەیان کرد، سوپاسی لقی 10ی پارتی و سوپاسی کاك سیداد بارزانی نوێنەری سەرۆك مەسعود بارزانی دەکەم کە هاتە لای ئێمە و هەروەها کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە هەمان بوو بۆمانی چارەسەر کرد. ئیتر هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە هیوادارم خانەوادەی شەهیدەکانی کوردستان لە بیر نەکرێن و زیاتر هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگەکان بکرێت. وەك دایکی 3 شەهید داوام لە هاوسەران و دایکانی شەهید ئەویە کە دایکانی ئەمڕۆ و سبەی نەوەکانی خۆیان فێرە ڕێبازی پاکی خزمەتکردنی کوردستان بکەن و دەبێ هەموومان یەك بین بۆ پاراستنی کوردستان و ئەوانەی لەم ڕێبازە پیرۆزەدا خەبات دەکەن هەمیشە لە ژیانی خۆیاندا سەربڵند و سەرفراز دەبن.

«ئێمە کە 7 برا بووین لە ئاوارەییدا(لەئێران) هەمیشە باوکمان کۆی دەکردینەوە و ئامۆژگاری ئێمەی دەکرد کە دەبێ هەمیشە خەباتکاری ڕێبازی بارزانی و پارتی بین»

کاك (خورشید) کوڕێکی دیکەی دایکە عایشەیە، کە سێ برای شەهید بووە، بوو بە میوانی دیوانەکەمان و ئەویش گوتی: سەرەتا سوپاسی ڕۆژنامەی خەبات دەکەین و دەمەوێت پر بە دڵ سوپاسی هەموو خەڵکی کوردستان و لقی 10ی پارتی و سەرجەم لایەنەکانی کوردستانیش بکەم کە بەشداربیان لە پرسەی 3 برا شەهیدەکانمان کرد کە ئەوە دڵنەواییدانێکی زۆر بوو بۆ ئێمە. هەروەها پێویستە ئەو هەڵوێستەی کاك (مەسرور بارزانی) ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەبیر نەکەین و سوپاسی دەکەین کە لە وتارێکی لە پەرلەمانی ئەورووپا باسی 3 برا شەهیدەکەی ئێمەی لەگەڵ پێشمەرگەکان کرد کە ئەوان بۆ بەرگری لە ئازادی و دژی تیرۆریستان سەنگەریان چۆڵ نەکرد و لە پێناو خاك و ئاسایشی کۆمەڵگادا شەهید بوون. ئەوە بۆ ئێمە سەربەرزییەکی تەرە و دووبارە سوپاسی ئەم سەرکردە بەڕێزە دەکەین.

هەر وەك دایکم لە سەرەوە ئاماژەی پێدا، باوکمان هەمیشە ئێمەی فێرە ڕێبازی کوردایەتی کردووە و بەردەوام لە ئاوارەییدا ئێمە کە 7 برا بووین کۆی دەکردینەوە و ئامۆژگاری ئێمەی دەکرد کە، هەمیشە دەبێ خەباتکار بین لە ڕێبازی بارزانی و پارتیدا. ئێمە 7 برا هەمیشە پێکەوە بووین و بە سەربڵندی خزمەتمان بە کوردستان و ڕێبازەکەمان کرد، هەرچەندە من خانەنشین کرام، بەڵام دەستپێکی شەڕی داعش و شەهیدبوونی براکانم دایکم بە منی گوت: (بڕۆ خۆبەخش ناوی خۆت تۆمار بکە و هەرکاتێك پێویستیان بە تۆ هەبوو تۆش بڕۆ بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان). بە حەقیقەت برایەکانم شەهیدان ئەحمەد و نەجات و مەولود هەمیشە پێکەوە بوون و لە شۆڕشی گوڵان لەگەڵ برای گەورەمان محەمەدئەمین دەوریکی دیاریان هەبوو لە خزمەتکردن بە پێشمەرگە، هەمیشە پێکەوە بووین و زۆرجاران کە خەڵك یان هاوسەنگەرانی ئێمەیان دەبینی دەیانگوت، ئەوانە برا نین، بەڵکو هاوڕێنە. ڕاستە ئێمە جگە لە برا زۆر هاوڕێی بووین و هەمیشە بە خۆمان دەگوت، ئێمە خزمەتکاری ڕێبازی بارزانیی نەمر و پارتینە.

«ئێستا ئێمە چوار برا لەژیان ماوین و ئامادەین بۆ بەرگری کردن لە کوردستان»

کاك خورشیدی کوڕی دایکە عایشە لە دوماهی قسەکانیدا بە وردەبەرزی و باوەڕپەخۆبوونەوە گوتی: ئێستاش ئێمە 4 برا لەژیان ماوین و بە گیان ئامادەین بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان. پێش شەهید بوونی براکانم ئێمە گوتمان پێکەوە دەچینە شەڕ، بەڵام ڕازی نەبوون. ئەو بوو ئەوان ماوەی چەند مانگ لە شەری دژی داعش بوون تا ڕۆژی 25-10-2014 هەواڵی شەهید بوونی برایەکانم لەگەڵ شەهیدی فەرماندە عادل مەهاجر و پۆلێکی تری پێشمەرگە پێمان گەیشت و تەنها گوتمان: شەهید بوونیان پیرۆز بێت لە پێناو خاکی کوردستان.

لە چلەی دایکە عایشە دا (دایکی شەهیدان) دایکی 3 شەهیدی نیشتمان و دایکی شەهیدانی کوردستان، ئێمەش وەکو کادیر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی پارتی و وەکو ڕۆژنامەی خەبات سۆز دەدەین لەدایکە عایشە فێری نیشتیمان پەروەری و خۆڕاگری و فیداکاری بین لە پێناوی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەم یادەدا هەزار سڵاو لەگیانی پاکی نیشتیمان پەروەر و خۆڕاگر دایکە عایشە (دایکی شەهیدان)، هەزار سڵاو لەگیانی پاکی هەموشەهیدانی پارتی و ڕێبازی بارزانی، لەسەرووبانەوە بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

وون بوون

پێناسی وەزارەتی پلاندانان بەناوی کۆمپانیای بووبان/ بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنوردار بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا/ نهرو محمد عبدالکریم پلە/١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێل ژمارە ٤٢٨٥٢٧ لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی ڕێکار عزیز عبدالغفور وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە هیبە جۆری ئۆتۆمبێل حادلە عجلە حدیدیة بوماك حجم کبیر ڕەنگ زەرد + نفطی مۆدێل ٢٠٠٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٥٦٤٦٢ ژمارەی شاصی: ١٠١٥٨١٤٣١٠٥١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە هیبە جۆری ئۆتۆمبێل رینو فلات جوانب متحرکە سکس ویل تك قهارە ڕەنگ سپی + سور مۆدێل ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٠٢٦٧٩ ژمارەی شاصی: VF٦٣٣DVB٠٠٠١٠٥٩٥٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : شفيق جونو سعدو

قدمت السيدة / فوزيه درويش سليمان طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٨/١٢/١٨ ولجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعد صالح حمادي

***

مديرية تنفيذ سميل

العدد /١٥٦/ت/٢٠٢٠

التاريخ /٢٠٢٠/٨/٣٠

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع مشيدات (مشروع تربية الحيوانات) الواقعة في قرية دلب السفلى والعائدة للمدين (تتر تمر تتر) والتي هي عبارة عن (١- بنكلات ذات اعمدة خشب وسقف خشب ونايلون عددها (٣)ثلاثة البنكلة الاولى بعرض (٤ م و٨ م)وبطول (٢٥م) والبنكلة الثانية بعرض (٤م) وبطول (١١م) والبنكلة الثالثة بعرض (٤م) وبطول (٤م) ٢- سياج (سيم) بارتفاع (١,٥م) وبطول (٨٥م) حول وداخل المشروع ٣- هافر علف بطول (٣م) عدد (٢) اثنان ٤- جينكو بطول (٣م) وبعرض (٩٠سم) عدد (٥) خمس قطع ٥- عربانة ابو تاير واحد عدد (١) واحد مستعمل)فعلى الراغب بالشراء الحضور في هذه المديرية بعد مرور (ثلاثة) ايام تبدا من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية والبالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة علما بان القيمة المقدرة (٤٣٠٥٠٠٠) اربعة ملايين وثلاثمائة وخمسة الاف دينار عراقي وفي حالة مصادفة يوم المزايدة عطلة رسمية يكون اليوم التالي الذي يليه هو موعد للمزايدة المنفذ العدل

ريبر سلمان خالد

***

المديرية العامة للدوائر العدلية

مديرية تنفيذ زاخو

العدد/ ١٤٤/تنفيذ/ ٢٠٢٠

التاريخ/ ٢٠٢٠/٩/١

الدائن/ نهاد جعفر مير محى

المدين/ شفان فريق مير محى

اعلان

قررت هذه المديرة الاعلان عن بيع السيارة المرقمة (١٠٩٥٩٦) دهوك - خصوصى نوع كامیری اللون نیلی موديل ٢٠١٣ اوتوماتيك لقاء الدين البالغ (٢٤٤٨٠٠٠٠) اربعة و عشرون مليون و اربعمائة و ثمانون الف دينار عراقى فقط من ضمنها رسم التحصيل فى الاضبارة التنفيذية المرقمة ١٤١/تنفيذ/٢٠٢٠ و المنفذة فى هذا المديرية فعلى الراغب بالشراء الحضور أمام هذه المديرية فى تمام الساعة العاشرة صباحا فى اليوم العاشر من اليوم التالى للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة البالغة ١٦٥٠٠ ستة عشرة الف و خمسمائة دولار امريكى وكذلك أبراز شهادة الجنسية العراقية علما أن رسم التسجيل و الدلالية على المشترى.

جێبەجێکاری دادی زاخو/ سلیمان علی حسن

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر

ژمارە:٤٠٩/ش/٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٨/٣١

جاردان

بۆ داوالێکراو (بلال نبی قاسم) شوێنی دانیشتنت نادیارە بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.

دادوەر/ سەروەر علی جعفر

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ١٦٦ / ب / ٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١

جارِدان

بۆ داوالێکراو/ سامان برهان سعدی شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (سامان جوهر عمر) داوای ژمارە ١٦٦ / ب / ٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای ($٢١٠٥٦٢) دۆلاری امریکی) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی راستی لە عەنکاوە لەبەر ئەوەی دادگا بریاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١١/٩ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

داوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٩/١

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سعید هادی عارف) لە بەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (گوندی قۆپەقران) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا

دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- مشاری سنی سلایت ژمارە/ C١٥٩٩٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٥,٥.

٢- لێدانی لەزگەی P.V.C لەدار ژمارە/ ١٤٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ توانای K.W٥,٥.

٣- باڵۆن پرێس حرارِی لێدانی لەزگە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.

***

دادگای بەرایی کۆیە

ژمارە/ ٤٠ - ٤٨/ب/٢٠٢٠

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/٣١

ئاگانامە

ب/ داوالێکراو/ وشیار عبدالله حمید/ پێشتر دانیشتووی شاری کۆیە بووە ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە بەرێزتان داوالێکراوان لەداوایەکانی ژمارە(٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨/ب/ ٢٠٢٠) کەلەم دادگایە تۆمارکراون بەمەبەستی بە نەهێشتنی کۆبەشی لەمولکەکانی ژمارە(١٧٥/ ٣٨، ٤٠، ٦٥، ٦٧، ٨٠، ٤٩، ٢٨، ١٩، ٢٠، ٥٣، ٥٩، ٨٤، ٧٠، ٢٧، ٥١، ٦٨) لەکەرتی (٢٩/ دەشتی کۆیە) وەلەبەر ئەوەی تۆ هاوبەشی لەخاوەندارییەتی ئەم مولکانە، وەلەئێستادا شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە، وەپشت بەستن بەمادەی(٢١) لەیاسای دادبینی کردن ئەم دادگایە بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەناوەڕۆکی ئەم داوایە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئەوەی لەوادەی دادبینی لەڕێکەوتی(٢٠٢٠/٩/٢٨) لەم دادگایە ئامادەبیت خۆت یان بریکاری یاسایت، بەپێچەوانەوە دادگا داوایەکە بە پاشملە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.

داوەر/ جاسم حمد رضا

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ٥

ژمارە: ١٨٣٤ / ب / ٢٠١٩

بەروار: ٢٤ / ٨ / ٢٠٢٠

ئاگاداری

داواکار : پەخشان إسماعیل فتح الله

داوالەسەرکراو : بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای السبج بۆ بازرگانی و بەڵێندەرایەتی گشتی و خزمەتگوزاری بازارگەری - سنوردار - سەرەرای کارەکەی

کەسی سێ یەم بۆ پاڵ داوالەسەرکراو : بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای السبج- سەرەرای کارەکەی

داواکار بەناوی (پەخشان إسماعیل فتح الله) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (١٨٣٤ / ب / ٢٠١٩) تایبەت بە (پابەندکردنت بە بڕی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار لەگەڵ پارێزگاری لە مافی خۆی بۆ داواکردنی پاشماوەکەی) ، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆیی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٠٢٠/٩/٢٠) سەعات (١٠:٣٠) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت.

دادوەر / ئاوات عمر قادر

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ٢

ژمارە : ٢١٩٧ / ش / ٢٠٢٠

بەروار / ٣١ / ٨ / ٢٠٢٠

ئاگانامە

داواکار / حنان رعد غریب

داواکارسەرکراو / علی مهدی ذیاب

داواکار (حنان رعد غریب) داوایەکی بە ژمارە (٢١٩٧ / ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت ، وەلەم داوایە داوای (جیابونەوەی دادوەری جیابونەوەی دادوەری بە هۆکاری جێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەکات ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار ، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە. بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١١/٢٥) کات ژمێر (٩:٣٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (ئاماده‌یی - غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .

دادوەر / د. طه عمر رشید

***

دادگای بەرایی هەولێر/٦

ژمارە: ٤٠٤/ب/٢٠٢٠٦

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای کارتوف) سەرەرای کارەکەی داواکار (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان) سەرەرای کارەکەی داوای ژمارە (٤٠٤/ب/٢٠٢٠٦) لەسەرتان تۆمارکردووە تێیدا داوا دەکات بەدانی بڕی پارەی ٨٤٢٨٥٠٠٠٠ هەشت سەدو چل و دوو ملیۆن و هەشت سەدو پەنجا هەزار دیناری عیراقی کە وەك قەرز لاتانە وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی شۆرش لە ٢٠٢٠/٨/١٠ بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٩ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادوەر/ سیروان خضر مصطفی

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٤٥ / م / ٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣٠

جارِدان

بۆ داوالێکراوان/ اورنینا خالد حنا وە اونیلا خالد حنا شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (خالد حنا سبو) داوای ژمارە ٤٥ / م / ٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (قطع نفقه) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری عشتار و حدیاب لە عەنکاوە لەبەر ئەوەی دادگا بریاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٩/٢٠ کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

داوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***



ڕاپۆرت/ ژیلا کەریمی

هەندێ پرسیار کە ناسیاو و خزمان و هەندێجار دایک و باوک خۆیان لە منداڵەکانیان دەپرسن و ڕەنگە لای ئەوان ئاسایی بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە کاریگەری زۆر نێگەتیڤ لەسەر دەروونی منداڵ دادەنێت ئەوەیە کە ئایا دایکت خۆشتر دەوێت یان باوکت؟ ڕەنگە هەمان پرسیار بووبێتە بیرەوەری ناخۆشی گەورەکان بەڵام دووبارە هەمان هەڵە ئەنجام دەدەنەوە. هاوڵاتیان لەو بارەوە دەدەوێن.

دایەت خۆشتر دەوێت یان بابە؟





نەسرین حەسەن نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕایوایە کە: سەرەتا پێویستە شیکردنەوەیەکی بابەتیانە بۆ پرسیارەکە بکرێت کە تا چەند گونجاوە. خۆی پرسیاری لەم شێوەیە پرسیارێکی نابەجێ و نابەڕپرسیارانەیە کە دووڕە لە هەر جۆرە پەرەسێپێکی پەروەردەیی، ئیتر گرنگ نییە لە لایەن چ کەسێکەوە دەوترێت، دایک و باوک هەر دووکیان تەواوکەری یەکترین و بەها و پیرۆزییەکی تایبەت بە خۆیان هەیە لە ژیانی منداڵدا، بۆیە دابەشکردنی ئەو پیرۆزییە بە پرسیارێکی نابەجێ کە منداڵ ناچار بکات لە نێوان ئەو دوو پیرۆزییە یەکێکیان هەڵبژێرێت بە دڵنیایەوە کاریگەری نیگەتیڤی لە سەر دەرون و تەنانەت ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ دادەنێت. لە ناو خێزاندا یەکەمین و گرنگترین پێداویستی ژیانی منداڵ دابینکردنی ژینگەیەکی دڵخۆشکەر و پەناگەیەک بۆ ئارامیە بۆ ئەوەی منداڵ تێیدا هەست بە ئاسوودەیی بکات، بۆیە بکات، بۆیە زۆر گرنگە بەر لەوەی بمانەوێت منداڵ بەو جۆرە پرسیارانە توشی دڵەڕاوکی و نیگەرانی بکەین، پێویستە دایک و باوکان زیاتر لە ئاست پەروەردەکردنی منداڵەکانیان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن.

شۆعلە ڕەسوڵ دانیشتووی وڵاتی هۆڵەندا و چالاکوانی بواری ئافرەتان لەوبارەوە دەڵێت: پرسیارکردنی لەم جۆرە لە منداڵ لە لایەن گەورەکانەوە جێگای تێڕامانە. پەروەردەی منداڵ لە سەرەتای لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات، بەرپرسیاریەتییەکی مەزن دەکەوێتە ئەستۆی دایک و باوک (یان پەروەرکارەکەی). منداڵ لەو کەشەی کە تیایدا پەروەردە دەبێت، لە ژێر کاریگەری پەروەردەیی خێزانەکەیدا، زۆرترین داب و نەریتی کۆمەڵایەتی فێر دەبێت. چ پاڵنەرێک وا دەکات کە گەورەکان (دایک یان باوک) پرسیارێکی ئاوا ناڕاستەی منداڵەکەیان بکەن، خاوەنی پرسیار جا هەر کێ بێت، حاڵەتی دەروونی دەکەوێتە ژێر پرسیار. بەو پرسیارە دەگاتە چ ئامانجێک. ناتەبایی نێوان دایک و باوک یان دوو شێوازی تەربیە دەردەخات لە پرۆسەی پەروەردەی منداڵەکەدا. پەروەردەی منداڵ پێویستی بە کەشێکی ئارام و ئاسوودە و یەک هەڵوێستی پەروەردەکردن هەیە. ئەرکی دایک و باوک (پەروەرکار) خۆ ڕاهێنانە لە سەر ئەزموون گەلێکی پەروەردەیی کە زادەی پراکتیزەکردنی پرۆسەی پێگەیاندنی منداڵەکەیان بێت. ناتەبایی دایک و باوک لەبەر دیدی منداڵ کاریگەری زۆر دەکاتە سەر دەروونی منداڵ و دەیشێوێنێت. منداڵی ئەم جۆرە پەروەردانە کە گەورە دەبن، ترس و دوودڵی، یان ڕق و کینە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ناو کۆمەڵ دا، گاڵتەی بە بەشێکی زۆری نەریت و شکۆی خێزان و کۆمەڵ دێت. جاری وا هەیە لە هەندێکیان دا دەگاتە حالەتی دروستبوونی تۆندو تیژی. داب و نەریتی کۆمەڵایەتی یاسا و ڕێسایەکی نەنوسراوە، کە لایەنی دەروونی و پەروەردەیی منداڵ داگیر دەکات. ئەرکی دایک و باوکە (پەروەرکار) کە منداڵەکەیان بە دیدێکی سەردەمیان پەروەردە بکەن، خۆپارێز بن لە پرسیارگەلی نیگەتیڤ تا منداڵەکەیان بە دەروونێکی تەندروست ژیانی بەسەربەرێت چوون هەر ئەو منداڵە دەبێتە دایک یان باوکی نەوەیەکی داهاتوو.







شیلان یاسین دکتۆرا لە بورای ڕاگەیاندن و مامۆستای زانکۆ بەمشێوەیە دواڕ: ناخۆشترین پرسیار لەلای منداڵ ئەوەیە کە لێی بپرسیت کامیانت خۆشتر دەوی دایکت یان باوکت؟ ئەمە ئەو پرسیارە باوەیە، کە بەردەوام خزم و کەس و ناسیاو لە منداڵی دەکەن بە بەرچاوی دایک و باوک. کە منداڵ بەهۆیەوە تووشی شەرمەزاری دەبێت و لەڕووی نایەت بڵێت کامیانی خۆشتر دەوێ، کاتێک دەڵێت باوکم خۆشتر دەوی دایکەکە نیگەران دەبێت، یان دەڵێت دایکم خۆشتر دەوێ باوکەکە دەیترسێنێت بەوەیکە چیتر لە بازار شتی بۆ ناهێنێتەوە. لەوانەیە ئەو کەسانەی ئەو پرسیارە بکەن بە نەزانی و دوور لە مەبەست بیکەن، بەڵام بە هیچ جۆرێک نایبێت ئەو پرسیارە بکرێت، چونکە وا دەکات لەو کاتەدا منداڵ زۆرجار هانا بۆ بێدەنگی ببات و پرسیارەکە وەڵام نەداتەوە ئەمەش وادەکات لە ڕووی متمانە و بڕوابەخۆبوونەوە منداڵێکی کەسایەتی لاواز و شەرمن و لەرزۆکی لێدەربچێت، هەر لەو کاتەوەش تا گەورە دەبێت وا پەروەردە دەکرێت کە لەنێوان دایک و باوک یەکێکیان هەڵبژێرێت و یەکێکیانی خۆشتر بوێت لە کاتێکدا دەبێت وەک بیلیلەی چاوی هەردووکیانی خۆش بوێت و ڕێزیان بگرێت. لەبەری ئەوەی ئەو پرسیارە لە منداڵ بکرێت دروستە پێی بڵێیت ئەها دایک و باوکت چەندە باشن بۆ تۆ چەندە تۆیان خوشدەوێت و چۆن خزمەتی تۆ دەکەن، ئەها چییان بۆ تۆ کڕیوە و ڕەنگە منداڵانی دیکە ئەو ئاواتەیان نەهاتبێتە دی و ئەوەیان نەبێت، ئەوە دایک و باوکی تۆن لە خۆشەویستی تۆ ئەوانەیان بۆ تۆ کڕیوە، یانی شتە باشەکان و خزمەت و دیاریەکان کە دایک و باوک پێشکەشی منداڵەکانیانی کردووە بەبیریان بێنیتەوە.

هەوڵی بێ وێنەی دایکێک بۆ منداڵبوون

هەن ئەو ئافرەتانەی کە لە چێژی دایکبوون بێبەشن و زۆربەیان بە هەوڵ و کۆشش و تاقیکردنەوەی دەیان ڕێگەی پزیشکی یان پەنابردن بۆ دۆعا و نزا و ...تد ماندووبوونێکی زۆر بۆ بەدیهاتنی ئەو خەونەیان دەبینن. هەندێک ئەنجامی لێوەردەگرن و کۆرپەکەیان دەخەنە ئامێز و هەندێکیان بە نائومێدی تا کۆتایی چاوەڕێی ڕوودانی موعجیزەیەک دەکەن.

ئەمجارە ئافرەتێک پاش 4 ساڵ هەوڵ و 3 جار لەبارچوون و 1616 جار دەرزی لێدان توانی ئاواتە گەورەکەی بێنێتەدی. دایکی بەو سورنجانەی کە لە ڕۆژدا دووجار لەخۆی دەدا تا نەشتەرگەری IVF ئەنجام بدات بە دەوری کۆرپەکەیدا دڵێکی دروستکردووە و دەیهەوێت بڵێت ئازارەکان بۆ هاتنە دونیات شیرینە و بۆ هەمیشی لە دڵانەدای.

چەند زانیارییەک لەسەرپاراستنی نینۆک



ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

ئافرەتان بە گشتی گرنگییەکی تایبەتتر بە خۆیان دەدەن و بە چەندها ڕێگە و شێواز هەوڵی پاراستنی قژ و پێست و نینۆک و ...دەدەن.

دەست لای خانمان گرنگییەکی تایبەتی هەیە چونکە بەردەوام و لەو ئەندامانەیە کە هەر زوو دێتە چاوەکانی دەچێتە سەر. نینۆک وەک بەشێکی دەست بە بایەخدان بە پێستی و ڕازاندنەوەی نینۆک بە بۆیە و جۆرەها ڕازاندنەوەی سەردەم بووەتە کاری ڕۆژانەی ئافرەتان، بەڵام بێئاگا لەوەیکە ئەویش ئەندامێکی زیندووە و پێویستە ڕەچاوی زۆر شتی بۆ بکرێت تا بە جوانی بمێنێتەوە.

بۆیەی بەردەوام لەسەر نینۆک ڕێگەی هەناسەی دەگرێت و ئەوانەی بەردەوام بۆیە بەکار دەێنن دەبێت بزانن ڕێگەیەکی هەڵەی جوانکاریان هەڵبژاردووە و بە تێپەڕبوونی زەمەن نینۆکەکان زەرد و بێ تاقەت دەبن، پێویستە مانگانە هەفتەیەک واز لە بۆیە بێنن. نینۆکەکان بخەنە نێو ئاوی لیمۆ و بۆ ماوەی 15 خولەک بیهێڵنەوە تا بەهێز بن. شەوانە نینۆکەکان بە ڕۆنی زەیتون یان وازلین چەور بکەن و مەساجی بدەن. خواردنەوەی شیرەمەنییەکان بخەنە بەرنامەی ڕۆژانە. بوونی هەر برین و پروشانێک بە هەند وەربگرن و بە زووترین کات چارەسەری بکەن. پزیشکان نینۆک وەک ئاوێنەی تەندروستی دەبینن و زۆر نەخۆشی لە ڕووی ڕەنگ و شێوەی نینۆکەوە هەست پێدەکەن بۆیە بەردەوام چاودێری نینۆکەکان بکەن.





ب کارئینانا تەکنۆلۆژیای کارتێکرن هەیە لسەر ژیانا زاروکان

خەبات . شیراز چارۆتی

پەروەردا زاروکا ل ڤان چەند ساڵێن بوریدا زور گورانکاری بخوە ڤەدیتنە زاروکێن ڤی سەردەمی ب شێوازەکێ ژ ژیانا کومەلایەتی ڤەڤەتیانە زاروکێن بەرێ زێدەتر تێکەلی داهێنان هەبوینە ژ زاروکێن ڤی سەردەمی بێن نوکە هەمی ئالودەیێ تەکنلوجیایێ نە و دویرن ل ژیانا کومەلایەتی. بەرپرسا ڕێخکراوا ئافرەتێن قەزایا ئامێدیێ ئاخجین جبرائیل زێدەتر بو خەبات گوت.

د هەڤپەیڤینەکێدا بەرپرسا ڕێخکراوا ئافرەتێن قەزایا ئامێدیێ ئاخجین جبرائیل دەڵی: زاروکێن ڤی سەردەمی پەیوەندیەکا تونذ و تۆڵ هەیە دگەل تەکنولوژیای تورێن کومەڵا یەتیێ و بویە بەشەک ژ ژیانا وان بێ کو پێویستی یان سودەکی وەرگریت پرانیا وان بو دەم بوراندن و یاریین ئەلکترونی ب کاردئینن کێمتر بو بابەتێن واتادار ب کار دئینن تاکو کارتیکرن کریە سەر ژیانا زاروکا ب شێوەکی بەرچاڤ دڤێ قوناغا ساده دا پتر کارتێکرن ل ڕەفتار و دەرونێ زاروکان دهێتە کرن، د دەمە کی دا ئەڤ قوناغە سەرەتایە کە ژبو فێربوونا ژیانێ فەرە بەرێخودانە کا ب هێز ل سەر بهێتە کرن و ئاگەهداری ڕەفتارێن زاروکێن خوە بین پرانیا دەمێن خو ب چ ڤەدبورینن هەڤالین وان کینە نوکە ئەم د سەردەمێ تەکنولوژیای دا دژین جیاواز ژ دەمێن چوی و پتر پێدڤی یە دایک و باب و خێزان هەمی چاڤدێریێ لێ بکەن، داکو مەزن بیت و فێری ژیانێ بیت لسەر بنەمایەکێ ڕاست و درست و پەروەردەیەکا جوان و دڤی باردوخیدا پرانیا زاروکێن مە ئالودەبێن ئینتەرنێتێ نە و خودان تورێن کومەلایەتینە بێیکو بزانن بکاربینن، هەتا ئەگەر ئینتەرنێت دماڵێدا نەمینیت پرانیا زاروکان دڕك دچن وکارێن سەیر دکەن، ئەڤەژی مەترسیە بو سەر ئارمانج وداهاتیێ ئەڤی زاروکی، کارتێکرنا تەکنولوجیایێ دێ زاروکێن مە دویرکەت ژ چاند و شوپ و عادات و تیتالێن وەڵاتێ مە، بەرو ڤاژی دێ فێری هندەك دابونەریتێن بیانی بیت، جیلێ دهێت دێ کەڤیتە دەست ڤی زاروکی پێدڤیە دویر بکەین ژ بەرێخودانا تشتێن بێ مفا، مەترسیا تەکنولوجیایێ هندا مەزنە زاروکێن مە دێ بنە پەروردەیێن دەست تەکنولوجیایەك بێ بنیات و ژیانەك بێ بەرهەم، زاروك لاپەرەك سپیە چەوان مەدڤێت دشێین وەسان پەروەدە و ئاڤا بکەین لەوڕا پێدڤیە هندەك پلان و بەرنامێن داڕشتی هەبن دناڤبەرا دایك و بابان ڤە ژبۆ ئاڤاکرنا زاروکێ خوە.

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عبدالباقی حمید عثمان) لە بەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- دووەدانە اکسترودری توانەوەی نایلۆن ژمارە/ ٧٨٢٨٢٧ و ٧٨٢٨٢٦ کارەبا توانای K.W١٥*٢.
٢- سێ دانە ئامێری برینی نایلۆن ژمارە/ ٧٨١٠٠٤ تا ٧٨١٠٠٦ دروستکراوی تایوان جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣*٣.
٣- پرێسی کەپسکردنی نایلۆن دووداندە ژمارە/ ٧٩٣٠٢٣ و دروستکراوی تایوان جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤*٢. ٧٩٣٠٠٤.
٤- ئامێری ساردککەرەوە بێ ژمارە دروستکراوی تایوان جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٥- کۆمپرێسەری هەواء بێ ژمارە دروستکراوی ایطالی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.
***
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە: ٤٧٥٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
جاردان
دادخواز (نعیمە حمد حسن) پێشنیازی دادگای باری کەسی هەولێری کرد وە داوا دەکات کە بکرێتە (دەسەلآت بەندو سەرکار) لەسەر (وون بوو) بەناوی (صمد علی حاجی) لەبەرواری (٢٠١٠/٥/٣) بەپێی فەرمانی دادگای لێکۆڵینەوە لە بنکەی دادگای لێکۆڵینەوەی (هەولێر) ژمارە (٣٣٢٨) لە ٢٠٢٠/٨/٣١ لە بنکەی پۆلیسی(کوردستان. بۆیە بڕیارماندا بە جارِدان بۆ ناڕازی کە ناڕازین لەسەر ئەم بڕیارە بۆیان هەیە مراجعەتی ئەم دادگایە بکەن بۆ ماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارِدانە بەپێچەوانەوە دادگا هەڵدەستێ بە دانانی (نعیمە حمد حسن) بە سەرکار لەسەر وون بوو (صمد علی حاجی).
دادەر/محی الدین عبدالرحمن مصطفی
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ٨١/ب/٢٠٢٠/٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (رواد وسیم شعبان)
داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) داوای ژمارە (٨١/ب/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (رواد وسیم شعبان) ئەم دادگایە لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٣ بڕیاریدا بە هەلوەشاندنەوەی گرێبەستی بەکرێدان (فسخ عقد الایجار) بەستراو لە نێوان (نایف عبدالکریم محمد شریف) وە داوالێکراو (رواد وسیم شعبان) وە باپەندکردنی بەچۆل کردنی کرێی گرتەکە (الفندق) دروستکراو لەسەر زەوی ژمارە (٣٢/٨٣٠٧ م ٤٤ وارش) و رادەست بۆ داواکار خالی من الشواغل وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتن نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی سەربەستی و رۆیال تاوەر و گوندی ایطالی یەك و گوندی ئینگلیزی) لە ٢٠٢٠/١/١٦ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ راگەیاندنت وە مافی ناڕەزایی (اعتراض) وە تێهەڵچوونەوەتان هەیە لەماوەی ٣٠ سی رۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕو کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٠٥/ك/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (علی حسین البزیری)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٧/ك/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (علی طالب حسین)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
٢٠٢٠/١٠/٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
رێقەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتی و زەفی و زار
ژمارە: ٢٣٣٠ /٣٠١/٢/٢
رێکەفت: ٢٠٢٠/٨/٣٠
ئاگەهداری
لدویف نڤیسارا رێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٣١٣٨ ل ٢٠٢٠/٨/٢٤) و ئاماژە ب نڤیسارا رێقەبەریا نەخشەدانان ئاقەدانی ل دهوکێ یا ژمارە (٨٥٢ ل ٢٠٢٠/٨/١٧) سەبارەت گهورینا رەگەزێ پارچە زەڤیا ژمارە (٢/٨ کەرتێ چم کورك) ژ کەسکاتی (Agriculture Open space) لدیف نەخشێ بنەرەت یێ زاخو ژمارە (A-٠١) بۆ تێکەلاو (Mixed use) لدویف یاسایا رێقەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ ٢٥ شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوولاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بو ماوێ (٣٠) سیە روژا بەلاڤکرنا ئەگاهداریێ ل رۆژنامێ دا هەرکەسێ شولەژێ ماف هەیە ژبو دیارکرنا نەرازیبونا خو یان هەرپێشنیارەکا هەبت دەبارەی قی نەخشەی پێشکێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ...
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٢٠١٩/١٥٨٣
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٦١٤/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (شرینة نجیب عبدالقادر) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٢٠٩٥٤٠٠٠) بیست ملیون ونەە سەد وپێنجی وچار هزار دینار هەر کەسێ بڤیت بکریت سەردانا رێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژادە کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕیژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شیست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٥٩٨/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیارا H٦ شوقا (٣) قاتێ (٥) عیارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ (عیارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت ژ (٧) قاتا شوقا ژمارا (٣) قاتێ (٥) ژ عیارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ دوو ژۆریت نڤستنێ وپێشوازی ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) واجیهە جەنوب شەرق روبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شیست وشەش ملیون دینار
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/٦٨٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/٣١
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٥٩٨/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (زهرة فاضل حبیب) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٢٨١١٠٠٠٠) بیست وهەشت ملیون وسەد ودە هزار دینار هەر کەسێ بڤیت بکریت سەردانا رێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژادە کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕیژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شیست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٥٩٨/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیارا H٦ شوقا (٣) قاتێ (٥) عیارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ دوو ژۆریت نڤستنێ وپێشوازی ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) واجیهە جەنوب شەرق روبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شیست وشەش ملیون دینار
هلات عبدالکریم محمد
(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٢٠١٩/١٥٨٣
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٦١٤/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (شرینة نجیب عبدالقادر) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٢٠٩٥٤٠٠٠) بیست ملیون ونەە سەد وپێنجی وچار هزار دینار هەر کەسێ بڤیت بکریت سەردانا رێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژادە کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕیژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شیست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٥٩٨/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیارا H٦ شوقا (٣) قاتێ (٥) عیارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت ژ (٧) قاتا شوقا ژمارا (١٩) قاتێ (٤) ژ عیارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ دوو ژۆریت نڤستنێ وپێشوازی ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) واجیهە جەنوب شەرق روبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شیست وشەش ملیون دینار
هلات عبدالکریم محمد
(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٢٠١٩/١٥٨٣
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٦١٤/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (شرینة نجیب عبدالقادر) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٢٠٩٥٤٠٠٠) بیست ملیون ونەە سەد وپێنجی وچار هزار دینار هەر کەسێ بڤیت بکریت سەردانا رێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژادە کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕیژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شیست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٥٩٨/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیارا H٦ شوقا (٣) قاتێ (٥) عیارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت ژ (٧) قاتا شوقا ژمارا (١٩) قاتێ (٤) ژ عیارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ دوو ژۆریت نڤستنێ وپێشوازی ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) واجیهە جەنوب شەرق روبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شیست وشەش ملیون دینار
هلات عبدالکریم محمد
(جێ بەجێ کاری داد)
***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٨٧٣٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (DARIN STEEL) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (DARIN STEEL) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (زانست قادر حسن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (DARIN STEEL) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگای هەولێر - گوندی ایطالی/٢)
پاکتاوکار/ زانست قادر حسن
ناونیشان/ هەولێر
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٠٤٠٤٠


ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (mpm center) یا (بازرگانیا گشتی/ سنوردار) بریارا گهورینا (ناڤێ کومپانیی) دایە ژ کومپانیا (mpm center) یا (بازرگانیا گشتی/ سنوردار) بۆ کومپانیا (ئوکسالیس OXALIS) یا (بازرگانیا گشتی/ سنوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا سەرەدانا رێقەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن
رێقەبەرێ کومپانیان لدهوك

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (نزا) بۆ ئالوگۆری دراو/سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (نزا) بۆ کۆمپانیای (العملة)، بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (زانستی ویژە) بۆ ئالوگۆری دراو/سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (زانستی ویژە) بۆ کۆمپانیای (عانە)، بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر



کاردانەوەی عەرەب بەرامبەر تێپەڕبوونی فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی بە ئاسمانی سعوودیەدا



ئەو فڕۆکە ئیسرائیلییەی کە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیمارات سەردانی ئەبوزەبی کرد، کایەی ئاسمانی سعوودیەی بەکارهێنا، ئەمەیش کاردانەوەی تۆندی جیهانی عەرەبی بەدوای خۆیدا هێنا.ئەو سعوودییانەی دژبە ڕێککەوتنی نێوان ئیمارات- ئیسرائیل بوون لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر ناڕەزاییەتی خۆیان بەرامبەر حکوومەتی وڵاتەکەیان دەربڕی و لە هەڵمەتێکدا پەیامی «دەسەڵاتدارانی عەرەب لە دەروازەیەکی نەفرەت لێکراوەوە چوونە ناو مێژوو»یان بڵاو کردەوە.

ئەکادیمسیانی سعوودیی، سەعید بن نەسر غامدی لە بابەتکدا کە لە هەژماری خۆی لە تویتەر بڵاوی کردبووەوە ئاماژەی بەوە داوە کە تێپەڕبوونی فڕۆکە ئیسرائیلییەکە بە کایەی ئاسمانی سعوودیەدا لە کاتێکدایە کە ئەو کایەیە تا ئێستا بەڕووی فڕۆکە قەتەرییەکاندا داخراوە.بەهەمان شێوە گوتەبێژی ئیخوان موسلمین لە میسر، تەڵعەت فەهمی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی خستەڕوو کە «تێپەڕبوونی یەکەم فڕۆکەی ئیسرائیلی بە کایەی ئاسمانی سعوودیەدا، ناپاکییەکی نوێیە لە دۆزی فەڵەستین». تەڵعەت فەهمی جەختی لەوەیش کردووەتەوە کە پرسی رزگارکردنی فەڵەستین وەك یەکێك لە گرنگترین داواکارییەکانی ئومەتی ئیسلام دەمێنێتەوە و مزگەوتی ئەقسا پێگەی خۆی لە دڵی عەرەب و موسڵمانداندا دەپارێزێت.هەروەها ئۆپۆزسیۆنی میسری، مەعسوم مەرزوق لە تویتەر بابەتێکی بڵاوکردەوە و تیایدا نووسیویەتی: «تێپەڕبوونی فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی بە ئاسمانی سعوودیە و نیشتنەوەی لە ئیمارات وای کرد لە جیهانی بۆرسەدا، بەهای شەرەفی عەرەب دابەزێت».هاوکات ئەدهەم ئەبو سەلیمە-ی فەڵەستینی لە هەژماری خۆی لە تویتەر نووسیویەتی: «تێپەڕبوونی ئەو فڕۆکە ئیسرائیلییەی سەردانی ئیماراتی کرد، بە کایەی ئاسمانی سعوودیەدا ئەوەی نیشان دا کە حکوومەتی ریاز لەم شەرمەزارییەدا هاوبەشە».لە لایەکی دیکەوە شازادەی سعوودیە عەبدولڕەحمان بن موسەییەد لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و بەرگریی لە حکوومەتی ریاز کردووە. عەبدولڕەحمان بن موسەییەد لە وەڵامی ڕەخنەکاندا باسی لەوە کردووە کە سعوودیە زۆر کاری بۆ دۆزی فەڵەستین کردووە.دوێنێ شاندێکی هاوبەشی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیمارات- ئیسرائیل لەڕێی فڕۆکەیەکەوە و بە کایەی ئاسمانی سعوودیەدا گەیشتە ئەبوزەبی.وا چاوەڕوان دەکرێت سەردانەکە دوو ڕۆژ بخایەنێت و کۆمەڵێك ڕێککەوتن لە نێوان ئیمارات و ئیسرائیل واژوو بکرێت.بەم شێوەیە ئیمارات لە دوای میسر و ئوردن دەبێتە سێیەم وڵاتی عەرەبی کە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل واژوو کردبێت.

مانشێت

نێندییەندێنت:

وتەبێژی کۆشکی سپی لە ڕاگەیەنراوێکدا داوای لە ڕووسیا کرد ڕێز لە سەروەریی و ئیرادە و خواستی خەڵکی بیلاروسیا بگرێ لە دەستنیشانکردنی دەسەڵات و بەرپرسانی.

ئۆبزێرڤەر:

بنیامین نەتانیاهۆی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان ، گفتوگۆیان لەگەڵ بەرپرسانی سوودان و چاد و سولتانشینی عومان ئەنجام داوە.

سپۆتنیک:

وەزیری ناوخۆی تورکیا هەواڵی دەستگیرکردنی ئەمیری داعش لە تورکیا و 27 ئەندامی دیکەی ئەو ڕێکخراوەی ڕاگەیاند.

یۆرۆ نیوز:

حکومەتی فەرەنسا ڕایگەیاند 8132 کەس لە فەرەنسا لەنێو لیستی تونداڕەو و تیرۆریستاندا هەن.

رۆیتەرز:

وەزارەتی بەرگریی تایوان لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەرچی هێزەکانی چین لە ئامادەباشی دان بەڵام تا ئێستا نوانای ئەنجامدانی هێرشی سەرتاسەریی نیە بۆ سەر دوورگەکە.

کەنائی ئار تی:

دوای ئەوەی پۆلیسی لۆس ئەنجلۆس کەسێکی بە ڕەگەز ئەفریقی کوشت ، هەزاران کەس بۆ دەربڕینی ناڕەزایی هەڵڕژانە سەر شەقام.









دەوڵەتی عیراق... سەد ساڵ نەهامەتی و ئاڵۆزیی



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

ئەگەرچی وەك مێژوویەکی دروست دەوڵەتی بەناو عێراق هیچ ڕۆژ و مێژوویەکی دیاریکروای نیە تا بێتە ڕۆژی نیشتیمانی وڵات ، بەڵام لە کۆتاییەکانی هاوینی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا کۆڵۆنیزمی بەریتانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتێکی بۆ بەرژەوەندی خۆی بە ناوی عێراق دامەزراند ، ئەم بەناو دەوڵەتە بەهۆی پەرت و بڵاوی و بێ مێژوویی وێڕای بوونی هەریەك لە عەشیرەت و هۆز ئەوە ئینگلیزەکان نەیانتوانی سەرۆك یاخود پاشانشینێك بۆی دەستنیشان بکەن ناچار ڕوویان لە نەجد و حیجازی سعودیەی ئێستا کرد بۆ ئەوەی پاشایەك بێنن تا لەسەر تەختی دەسەڵات دایبنێن ، ئەوەبوو دوای ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمیری ئەوکاتی بیابان و دوورگەی عەروبی (شەریف کوڕی حسێن) ڕێککەوتن و پاشا لە بەغدا دەسەڵاتی گرتە دەست .. ئینگلیزەکان زۆر بە باشی لە خاڵە لاوازەکانی هۆز و عەشایرەکانی عەرەبی دوورگەکان گەیشتبوون هەر بۆیە ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی سازیان دەکرد یا ئەوەتا لە دانیشتنە تایبەتیەکان بەڕێوەیان دەبرد پڕی کردبوو لە سیخوڕ و کەسانی بەکرێگیراو ، ئەمەش بۆ مەرامە تایبەتی و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .. مێژووی دەوڵەتی بەناو عێراق کە خۆی لە سەد ساڵ دەدات پڕە لە نەهامەتی و کودەتا و ئاڵۆزی و بێ سەروبەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هتد ... بە زۆر لکاندنی کوردستانیش بەو عێراقەی ئێستا ئەمەش خۆی لە خۆیدا نەهامەتیەکانی قوڵتر کرد بە هۆکاری ئەوەی کوردستان وەك خاك و کوردیش وەك گەل هەمیشە ڕۆژێك لە ڕۆژاندا سەر بەو دەوڵەتە نەبوون هەر بۆیە لەگەڵ لکاندنی بەزۆر کورد دەستی بە جوولە کرد بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکان کە تائێستا ئەم جوولەیە بەردەوامە ، ئەگەرچی جوولە و بزاڤەکان لە ڕەوش و بارودۆخ و هەلومەرجی جیا جیادا بەڕپا دەبوون ،بەڵام هەموویان لە دواجاردا یەك ئامانجیان هەبوو ئەویش گەڕانەوەی مافی ڕاستەقینە بۆ خاوەنەکەی .. ئاڵۆزییەکانی بەناو دەوڵەتی ناوبراو لایەنی زۆرینەتری نیگەتیڤی لەخۆ گرتووە ، ڕەوش بە هەموو جۆر و شێوازەکانیەوە هیچ کات سەقامگیری ئاسایش و ئارامی بە خۆیەوە نەبینیوە کودەتا وەك لایەنێکی سەرەکی لەو دەوڵەتەدا دەسەڵاتی گرتۆتە دەست هەر جارێك دەسەڵات لەسەر تەخت دانیشتبێت بێ کارەسات و ڕشتنی خوێن نەبووە ، بەڵکو بە خوێن و ئاگر دەسەڵات خراونەتە دەست .. کێشەی دوو گەل ،کورد و عەرەب کێشەیەکی سەرەکییە، چونکە بێ ویست وخواست هەرگیز سەقامگیری تا سەر بەرجەستە نابێت ،نەخاسمە ئەگەر هەمیشە و بەردەوام گوێ بۆ لایەنێکی سەرەکی نەگیرێت کە ئەویش گەلی کوردە ، کێشەی مەزهەبی و ئایین وئاینزا یەکێکە لە کێشە هەر ئاڵۆزەکان کە سەرچاوەکەی ئەم ناوچەیە بەو حوکمەی دوو جەمسەرە سەرەکییەکە لەم دەڤەردایە وەك ناوچەکانی نەجەف و کەربەلا و کووفە و فوراتی ناوەڕاست وێڕای باشوور وەك کووت و ناسرییە و بەسرە ، لەملاشەوە لایەنی مەزهەبی دیکە لە ناوەراست و هەروەها لە وڵاتانی دەوروبەر وەك پاشانیشی سعودی و میرنشینەکانی کەندا و . لە دەوڵەتی عێراقدا دەسەڵات بۆ ئەو کەسەیە کە خەڵکی هەبێت یان دەوڵەتێکی لە پشت بێت ئەگەرنا توانای دەسەڵاتی نیە وەك بینیمان هەر سەرۆکێك دێت سیستەمی پۆڵیسی و بە چاوێکی ڕادیکالیانە هەنگاوەکانی دەهاوێژێت ،چونکە یەکێك لە خەسڵەتەکانی دیکتاتۆرییەت پەنا بردنە بۆ هەنگاوی لەم جۆرە .. هەموو جۆرە چەکێکی لێ تاقی کراوەتەوە ،چەکی گەورە و تا کیمیایی و وێرای جەنگی دەرەکی و ناوخۆ ، تیرۆر و لەناوبردن ئەمیش بەردەوام لەهەموو سەردەمانێکدا بوونیان هەبووە، جۆرەکانی دیموکراتی لە سەردەمە جیاجیاکاندا بە کردەوە بوونیان نەبووە ، بەڵکو پێچەوانەی هەموو داب و نەریتە دیموکراتیەکانی جیهانی لە دەسەڵاتی بەغدا هەڵسووکەوت کراوە ، دەنگی دووەم ڕێگا پێدراو نەبووە و ڕێگاش بەوە نەدراوە گەل بە دروستی دەنگی خۆی پێناسە بکات ،ئەمانە لە پاشانشینەوە تا هەموو سیستەمە کۆمارییەکان و تائێستاش هەر بەردەوامە .. لە بنچینە تەندروستیەکانی دەوڵەتداری و دەسەڵاتدارێتی هەر کات بابەتێك یان هەر جۆرە خۆسەپاندنێك کۆتاییەکەی هەر دەبێت هەڵبووەشێتەوە یان هەر بە زۆر لکاندنێك دواجارەکەی لەیەك ترازانە ،هەر بۆیە ئەو بەناو دەوڵەتەش کە بۆ بەرژەوەندی دامەزاروە و بە زۆریش بەیەکتر لکێندراوە ئاکامەکەی هەر هەڵوەشانەوەیە.

بە بڕیارێکی سەیر 54 ملیۆن میسری دەدرێنە دادگا



بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی «MENA» ی میسری لە کۆبوونەوەیەکدا کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دەزگای نیشتمانی هەڵبژاردنی میسر، لاشین ئیبراهیم بەڕێوەچووە، بڕیاردراوە ئەو کەسانەی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پیراندا بەشداری دەنگدانیان نەکردووە بدرێنە دادگا و ڕێکاری پێویستیان لەگەڵدا بگیرێتە بەر.ئەمە لە کاتێکدایە کە لە کۆی 63 ملیۆن دەنگدەر تەنها نۆ ملیۆن دەنگدەر بەشداری دەنگدانەکانیان کردووە، و بەپێی بڕیارەکە 54ملیۆن کەس دەدرێتە دادگا.دەزگاکە لە ڕاگەیەندراوێکدا بەم شێوەیە ئەم بڕیارە سەیرەی ڕوونکردەوە: «سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی میسر هەموو ئاسانکارییەکی خستووەتە بەردەست بۆ بەکارهێنانی دەنگەکانیان، ئەم کەسانە ئەرکی نیشتمانی خۆیانیان بەجێ نەهێناوە».

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە ڕێوشوێنی تۆند گیراوەتەبەر بۆ پاراستنی دەنگدەر و کارمەندەکانی دەزگای هەڵبژاردن و چەندینجار داوا لە دەنگدەران کراوە بەشداری دەنگدان بکەن، بۆیە ئەو کەسانەی دەنگیان نەداوە سزا دەدرێن بە جۆرێك کە لە 500جونەیە (کە دەکاتە 32دۆلار) زیاتر نەبێت.

بڕیارەکە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دەنگدانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە کاردانەوەیان لە بەرامبەر بڕیارەکە نیشاندا.

ڕۆژنامەنووسی میسری، ئالا عەتار لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك نووسیوویەتی: «دەکرێت مانشێتێکی لەم شێوەیە لەسەر ڕۆژنامەکان هەبێت: 55 ملیۆن کەس لە میسر لەبەردەمی دادگادان. ڕۆژی حەشرە لە میسر».نووسەر، مونا سەلیم لە لاپەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بەم شێوەیە تانەی لە بڕیارەکە داوە: «گەلی میسر جگە لە چەند کەسێك دەچێتە بەردەم دادگا».هەروەها بەکارهێنەرێکی دیکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش سەرنجی ڕاکێشا بۆ سەر ئەوەی کە حکوومەتی میسر لە ڕێی ئەم سزایەوە 275 ملیار جونەی (کە دەکاتە نزیکەی 17 ملیار دۆلار)ی دەست دەکەوێت. جێی وەبیرهێنانەوەیە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیرانی میسر لە بەروارى 10-9ی ئابدا لە دەرەوەی وڵات ئەنجامدرا و لە ڕۆژەکانی 12-11ی ئابدا لە ناوخۆی میسر ئەنجامدرا.وا بڕیارە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکەش لە بەروارى 7-6ی ئەیلوولدا لە دەرەوەی وڵات ئەنجام بدرێت و لە ڕۆژانی 9-8ی ئەیلوولدا لە ناوخۆی میسر ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکانیشی تا 16ی ئەیلول ئاشکرا بکرێت.



حەسەن حوسێن سەرۆکی یانەی ئاکرێ:

توانیمان 36 یاریزانی لاو و بەتوانا بۆ یانەکەمان دەستنیشان بکەین



دیانە - مسلم دۆلەمەری

دوای ئەوەی سەرۆك و دەستەیەکی نوێ بۆ یانەی وەرزشی ئاکرێ هاتە دەستنیشانکردن، چەندین پرۆژە و کاری باشیان ئەنجامداوە لەوانە نۆژەنکردنەوەی یاریگای وەرزشی ئاکرێ و هەروەها چەندین کاری تری پێویست بۆ یانەکە، ئێستاش بەکردنەوەی خێوەتگایەکی وەرزشی لە ژێر ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، توانیویانە چەندین یاریزانی باش وبەتوانا بۆ یانەکەیان بەرهەم بهێنن.

230 وەرزشوان تاقیکرانەوە

بۆزیاتر زانیاری لەم بابەتەوە حەسەن حوسێن سەرۆکی یانەی وەرزشی ئاکرێ بەم شێوەیە بۆ خەبات دووا گوتی: دوای دەست بەکاربونی دەستەی نوێی کارگێری یانەی وەرزشی ئاکرێ چەندین پلانمان دارشت بۆ زیندووکردنەوەی یانەی وەرزشی ئاکرێ، چونکە بەڕاستی ئەوە ماوەیە زیاتر لە حەوت ساڵ بوو کە یانەکە پشتگوێ خرابوو هیچی بۆ نەکرابوو، سەرەتای پرۆژەکانمان نوێکردنەوەی تەواوی بینایەی یانەکەو یاریگاکەبوو، دووا تر کەئەوەی زۆرگرنگ بوو بیکەین نوێکردنەوە و هێنانی یاریزانی لاو نوێبوو وهەروەها گرنگی دانی زیاتربەلاوانی وەرزشوانمان بووە، ئەوە بوو دوای حەوت ساڵ ئێمە هەستاین بەکردنەوەی خێوەتگایەك بۆ ئەوەی لاوانی وەرزشوانمان لەم خێوەتگایەدا توانا کانی خۆیان بەدەر خەن، ئێمەش سوودیان لێوەرگرین بۆ یانەکەمان، ئەوەبوو کە زیاتر لە 230 یاریزان و وەرزش دۆستان ناوی خۆیان تۆمارکرد لە قەزای ئاکرێ وبەردەرەش و شێخان و ناحیەکانی تری سنورەکەمان، بە سەرپەرشتی راهێنەران لەزگین عەبدلواحد و هاوکاری جوتیار علی وە بەسەرپەرشتی کارگێری یانەکەمان سەردار خانۆ توانیان دوای راهێنان وهەلسەنگاندن وماندووبونێکی زۆر، 36 یاریزانی باش و بەتوانا دەست نیشان بکەن.

سوود وەرگرتن لە یاریزانی لاو

هەروەها گوت: ئێستاش بەبەردەوامی لە یاریگای یانەکەمان راهێنانیان پێدەکرێت وبەبەردەوامی تەکنیکی نوێی وەرزشیان فێردەکرێت، کە تاکو ئێستاش چەندین یاری دۆستانەمان بەم یاریزانە نوێیانە ئەنجامداوە لە گەل ژمارەیەك لە تیمەکانی دەوروبەرمان وسەرکەوتنی باشیشیان بەدەست هێناوە، کەبەراستی دروستکردنی ئەم یاریزانە لاو خۆجێیانەمان سوودێکی باشیان هەیە بۆ یانەکەمان چونکە لەجیاتی ئەوەی یاریزانی بیانی بێنین وخەرجێکی زۆریان لێبکەین یاریزانی خۆمان هەبێت باشترە بە خەرجی کەمترو پێشکەوتنی لاوانیشمان لەبواری وەرزشیدا نمونەش ئەم 36 یاریزانەی ئێستا کەهێزێکی زۆرە بۆ یانەکەمان، هیواداربن ئێمە بەردەوام دەبین لەم جۆرە پرۆژانە لە بوارەکانی وەرزشی بۆ ئەوەی توانا و هێزی لاوانمان لە روی وەرزشییەوە بەدەربخەین وسودیان لێوەرگرین .

بارتۆمیۆ چاو لە مێسی سوور دەکاتەوە



تادێت پەیوەندی نێوان کارگێڕی یانەی بەرشلۆنە و مێس بەرو ئالۆزی زیاتر دەچێت و جاران ئەو ئەستێرەی ئەرژەنتین کە بەخۆشەوسترین کەس سەیر دەکرا، ئێستا وەك دوژمنێك لێی دەڕوانن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی سپۆرتی ئیسپانی، دەستەی کارگێری یانەی بەرشلۆنە پلانی ئەوەدانێت کە گەورەترین سزا بەسەر مێسیدا بسەپێنێت، بەبانووی ئەوە لەیەکەم مەشقیی یانەکەی ئامادەنەبوو، هەروەها رازی نەبوو پشکنینی کۆرۆنای بۆ بکرێت و ئەمەش دەستەکە دەتوانێت موچەی ئامادەنەبوونی لە راهێنانەکان لێ ببڕێت.

بەرشلۆنە هەر بەوەندە نەوەستاوە و گوایە بارتۆمیۆی سەرۆکی یانە چاوی لە مێسی سوور کردۆتەوە و پێی ڕاگەیاندووە ئەگەر تا 5ی ئۆکتۆبەر ئامادە نەبێت ئەوا لە گرێبەستەکەی مێسی مەرجێکی زیاد دەکرێت کە خۆی لە 700 ملیۆن یورۆ دەدات، بەمەش چارەنووسی ئەو ئەستێرەیە سڕکردنیەتی بۆ یەك وەرز.

نایمار بڕیاری دا وەرزێکی دیکە هەر لە پاریس بمێنێتەوە

نایمار داسیلڤای ئەستێرەی یانەی پاریس ان جێرمانی فەرەنسی بڕیاری کۆتایی خۆی لەبارە داهاتووی لەگەڵ یانەکەی ڕاگەیاند.

بەرشلۆنە چەندین جارە هەوڵی گێڕانەوەی ئەو یاریزانە بەرازیلییە دەدات، بەڵام داواکانی یانە فەرەنسییەکە وایکردووە کە گفتوگۆکانی نێوانیان نەگاتە ئەنجام، بەرشلۆنەش ئەو ڕاستییە باش دەزانێت کەلەم ئان و ساتەدا ناتوانن ئەو پارەیە بۆ ڕازیکردنی نایمار ئامادەبکەن، بۆیە شلی نواندوە لە داواکەی، لەبەرامبەریشدا نامار بڕیاری کۆتایی خۆیدا و ڕایگەیاند کە بۆ وەرزێکی دیکە هەر لەپاریس دەمێنیتەوە و گوتی: هیوام زۆرە لەگەڵ یانەکەم جارێکی دیکە بگەینە کۆتایی چامپیۆنس لیگ و ئەوجارە نازناوەکە ببەینەوە.

لە هەولێر بۆندی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق تازەگرایەوە

دەستەی ئاسایی کردنەوەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق گەیشتە ڕێککەوتنی کۆتایی لەبارەی تازەکردنەوەی گرێبەستی سریچکۆ کاتانیچی سلۆڤینی کە تا ساڵێکی دیکە بەڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بمێنێتەوە.

وتەبێژی دەستەی ناوبراو لەیەکێتی تۆپی پێی عێراق ڕاگەیاند کە دوای ئەوەی لەهەولێر لەگەڵ بریکاری ستانیچ کۆبوونەوە، هەردوولا گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنە کە بۆ ساڵێکی دیکە ئەرکی ڕاهێنرایەتی کردنی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق هەر بەو بسپێردرێتەوە، هەردوولاش لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە موچەکەی کەمبکرێتەوە لەوەی کە پێشتر وەریدەگرت.



بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی شەترەنجی ئۆکرانیا لەدیدارێکی خەبات دا

یۆلیا کۆبێرنیک: بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە لەڕێگای سکایپەوە بەردەوامی بە فێربوونی دەدەین

دیمانە: هاوار مورتکەیی



وڵاتانی جیهان بەتایبەتیش وڵاتانی ئەورووپا دەمێکە بایەخ بە فێربوونی شەترەنج بۆ منداڵان دەدەن ئەویش لەڕێگای کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت لەشێوەی ئەکادیمیا، ئەو قەتابخانانەش سەرچاوەیەکن بۆ پێگەیاندنی یاریزانی شەترەنج، وڵاتی ئۆکرانیاش کە خاوەنی چەندین ئەستێرەی شەترەنجن چ لە ئێستادا و چ لە رابردوو، یۆلیا کۆبێرنیک ئافرەتێکی ئۆکرانیایە و بەڕێوەبەری یەک لەو قوتابخانانەیە کە ژمارەیەک منداڵ تیایدا فێری شەترەنج و بنەما و یاساکانی ئەو یارییە دەکرین و پیدەگەیەنرین بۆ پاڵەوانێتییەکان.

40 قوتابی فێردەبن

یۆلیا کۆبێرنیک لە ساڵی 1979 لە شاری ژتۆمێری ئۆکرانی لەدایک بووە، ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکە لەو شارە و لەلێدوانێکیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دەڵێت: ئێستا لە قوتابخانەکاماندا نزیکەی 40 قوتابیمان هەیە لەهەردوو رەگەز، کە تەمەنەکانیان لەنێوان 5-15 ساڵدایە، قوتابخانەکەشمان لەلایەن یەکێتی شەترەنجەوە رێگاپێدراوە، هەروەها گوتی: کاتی خۆی یاریزان بووم کاتێکیش کەوتمە ناو تەمەنەوە بیرم لەکردنەوەی قوتابخانەیەکی تایبەت بەشەترەنج کردەوە، رۆژانە بەپێی ئەو بەرنامەیەی لەگەڵ پسپۆران دامانناوە وانەکان دەخوێندرێن و لەهەمان کاتیش یاریی لەنێوخۆیاندا دەکەن.

بە ئۆنلاین پاڵەوانێتی بەڕێدەدەین

دواتر بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانە ئۆکرانیە گوتی: ئێستا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایەوە ناتوانین لە قوتابخانە وانەکان بڵێینەوە، بەڵکو شێوازی نوێمان گرتۆتەبەر و لەرێگای ئینتەرنێت و سکایپەوە بەردەوامین لەفێرکردنیان، هەروەها بە رێگای ئۆنلاینەوەش پاڵەوانێتی ناوخۆیان بۆ دەکرێتەوە، چەند مامۆستا و راهێنەرکیشمان هەیە سەرپەرشتی ئەمە دەکەن بەتایبەتیش سیگری ترۆخێمیشن Segrii Trokhymyshyn کە رۆڵێکی بەرچاو دەبینێ و پشتگیرییەکی تەواومان دەکات.

جێی باسە یۆلیای بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو ئەمساڵ بەشداری پاڵەوانێتییەکی تایبەت بە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شەترەنجی کرد لە ئۆکرانیا و ئەم خانمە توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.



ئاشلی بارتی پێشەنگی خانمانی جیهانی گرتووە

ئاشلی بارتی ئەستێرەی تینسزانی ئوسترالی توانی پێگەی خۆی لە سەرووی لیستی خانمە تێنسزانەکانی جیهان بپارێزێت، کە دووشەممەی رابردوو لەلایەن ەکیتی تێنسی جهانییەوە راگەیەندرا.

ئەم پۆلینە تازەیەش بەر لە دەستپێکی پاڵەوانێتی کراوەی تێنسی ئەمەریکا راگەیەندرا و چاوەڕوان دەکرێت بەکۆتایی هاتنی پاڵەوانێتی ناوبراویش گۆڕانکاری بەرچاو لە شوێنی پۆلینەکان رووبدات، ئێستا بارتی بە 8717 خاڵ لەپێشەنگی تێنسزانەکان جیهان دێت و دوای ئەویش سیمۆنا هالیپی رۆمانی بە 6356 خاڵ بەپلەی دووەم دێت، ئەنجامەکان 10 ئەستێرەکەش بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

ئاشلی بارتی لە ئوسترالیا پلەی یەکەم

سمۆنا هالیپی رۆمانی پلەی دووەم

کارۆلینا بلیسکۆڤای چیکی پلەی سێیەم

سۆفیا کەنینی ئەمەریکی پلەی چوارەم

ئیلینا سڤتۆلینای ئۆکرانی پلەی پێنجەم

بیانکا ئەندریسکۆی کەنەدەی پلە شەشەم

کیکی پێرتنزی هۆڵەندی پلەی حەوتەم

سیرینا ویلیامزی ئەمەریکی پلەی هەشتەم

نەعزمی ئۆساکای ژاپۆنی پلەی نۆیەم


بلندا بینسیچی سویسری پلەی دەیەم.

ئەرکەکانی بەردەم زێدان لەوەرزی داهاتوو

رۆژنامەی asی ئیسپانی بڵاویکردەوە کە 7 بەربەست و ئەرکی گرنگ لەوەرزی داهاتوو لەبەردەم زێدانی راهێنەری یانەی ریال مەدرید دایە، بۆ ئەوەی لە ئەرکەکەیدا کاروانەکە بەسەرکەوتوویی تەواو بکات، رۆژنامەکە بەمشێوەیە حەفت ئەرکەکەی دیاری کردووە کە بریتین:

- لەهەموو پاڵەوانێتییەکاندا یانەکە دووچاری شکست و دۆڕان نەبێت
- هاوسەنگییەک لەنێوان یاریزانە لاو و گەورەکاندا دروست بکات
- هازارد بگەڕێنێتەوە ئاستی راستەقینەی خۆی
- ئاستی هەریەک لە ڤالڤردی و ڤینیسۆس و رۆدریگۆ زیاتر پێشبخات
- بەدەستهێنانی جامی شا ئیسپانیا کە هێشتا وەک یاریزان و راهێنەر بەدەستی نەهێناوە
- پاڕێزگاری کردن لەناسناوی خول ئیسپانیا
- رکابەری لە خول یانەپاڵەوانەکانی ئەورووپا بۆ ناسناوەکە

ڤیدال داوای بەتاڵکردنەوەی گرێبەستەکەی دەکات



تۆڕی سکای سپۆرتی ئیتاڵی بڵاوی کردەوە کە دوای ئەوە ڤیدال کرایە دەرەوەی حساباتەکانی رۆنالد کومانی راهنەری تازەی بەرشلۆنەوە، ئەو یاریزانی چیلی لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانەی بەرشلۆنەوە کەوتۆتە گفتوگۆوە سەبارەت بە بەتاڵکردنەوەی گرێبەستەکەی نێوان کە بڕیاربوو لە حوزەرانی 2021 کۆتایی پێ بێت.

ئارتۆر ڤیدال زۆر حەزدەکات بچێتە یانەی ئینتەر میلان و دووبارە بە ئەنتۆنی کۆنتی بگاتەوە کە پێشتر بەیەکەوە لە یۆڤی بوون، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی لەنێوان ئینتەر و ڤیدالەوە رووێداوە.

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Tue.2 Sep. 2020 No.:(5998)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

موزیك ژەن یادی ئەمیرە:

شەهیدان سونبولی ئاشتی و پێکەوە ژیانی وڵاتەکەمن و پێشمەرگەش کلیلی شەرەفی پارێزگاری کردنی کوردستانە



دیدار:بەرهەم شێخ عزەدین - سلێمانی

(یادی ئەمیر محەمەدئەمین)لە(1990\٨\25) لەکۆیە لەدایک بووە،ساڵی(2012)پەیانگای هونەرە جوانەکانی کۆیەی تەواو کردووە،ئەم بەهرەمەندە بۆخەبات قسەی کردوەو وابۆمان دوا:

بۆچی مۆسیقات هەڵبژاردووە؟

هەر لەمنداڵیەوە خولیای میوزیك و هونەریم هەبووە لەبەر ئەوەی لەبنەماڵەیەکی هونەر دۆست ئەدەب دۆست پەروەردە بوومە بۆیە زیاتر خولیای میوزیکم هەبووە..

کەمان لای تۆ چی دەگەیەنێ؟

کەمان لای من ئارامی بە دڵ و ڕۆح و جەستە دەگەیەنێ وە لەهەمان کاتیشدا کەمان ئاوازێکە گۆرانی بۆ ژین دەچڕێ و دڵ و میشك ئارام دەکاتەوە..

هۆکاری نەمانەوەی بەرهەمی هونەرمەندان لەسەر زاری خەڵك بۆچی دەگەڕێتیەوە؟

-1نەبوونی فلتەرێك بۆ باش و خراپی ئاواز و شیعر لەئارادا نیە.

-2ئەم زۆری و بۆریە وا دەکات هونەر بەشێوەیەکی ڕاست و دروست نەکەوێتە سەر زاری خەڵك و گوێ گر هەر ئەمەشە وادەکات وەکو پێویستیش لەسەر زاری خەڵك نەمێنێتەوە ئەمە هۆکارە سەرەکیەکانە..

وەکو لاوێك خەون بەچیەوە دەبینی؟

وەکو لاوێك خەون بەوە ئەبینم لە داهاتوودا خزمەتێکی باش بەهونەرەکەم بەرووی ئازیزان و گوێ گرانەوە بکەم..

خۆت بەقەرزاری کێ دەزانیت؟

بەداخەوە لەم ژینە تاڵە خۆم بەقەرزاری هیچ کەس و لایەنێك نازانم وە سوپاسی گەورەیی خۆداو دڵسۆزی دایك و باوکم دەکەم کە هەمیشە پاڵپشتم بوونە بۆ ئەوەی قەرزاری هیچ کەس و لایەنێك نەبم..

شەهیدان و پێشمەرگە لەکۆیێ خەونی داهاتووی تۆن؟

شەهیدان سونبولی ئاشتی و پیکەوە ژیانی وڵاتەکەمن و پێشمەرگەش کلیلی شەرەفی پارێزگاری کردنی کوردستان و وڵاتەکەمن..

حەزدەکەی کاری هونەری بۆ کێ بکەی؟

حەزدەکەم لەداهاتوو کاری هونەری بۆ ئەو کەسانە بکەم کەلە ئاست میوزیك و ئاواز دانەڕێکی بەتواناو لێهاتوو دان کەبتوانن بەبێ جیاوازی خزمەتی وڵاتەکەم بکەن..





بورهان محەمەد: لەپارکی ئازادی سلێمانی وەک ڕێز و وەفایەک بۆ ژانای ناوداری کورد مەلای گەورە ،لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، بەمقامێک لەشیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەشداریم لەویادە کرد. 29/8/2020

زۆربەی دەسەڵاتدارانی کەنداو تا ئێستاش مۆبایلی نۆکیا بەکاردێنن

هەردەوان:

بەکارهێنانی مۆبایلی جۆری نۆکیا، کە لە شێوازە هەرە کۆنەکانی ئامێری پەیوەندیکردنی مۆبایلە، لەلایەن هەندێك لە دەسەڵاتدارانی کەنداو-دەوە، بووەتە جێی سەرنجی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕەئی ئەلیەوم، وەك خۆی باسی دەکات. سەرنووسەری ڕۆژنامەکە پرسیاری ئەوە دەکات «بۆچی هەندێك لە (دەسەڵاتدارانی کەندا) تەلەفۆنی نۆکیا بەکاردێنن کە زۆر کۆنە و تەنانەت لەناویشچووە؟ بۆچی لە جیاتی ئەوە مۆبایلی زیرەك بەکارناهێنن؟ لەوەڵامدا هەر خۆیشی دەڵێت «ناچێتە عەقڵەوە، ئەو دەسەڵاتدار و وەزیرانەی کەندا کە گەنجینەکانی وڵاتەکانیان پڕە لە دەیان یاخود سەدان ملیار، نەتوانن ئامێری نوێی پەیوەندیی بکڕن، ئەوەی کە پێیدەوترێت مۆبایلی زیرەك» ئەمە نهێنیەکی سەیرە. کاتێك ناوبراو ئەم باسە لەگەڵ شارەزایانی ئامێرە دیجیتاڵیە پەیوەندیەکاندا باس دەکات، ئەوەی پێدەڵێن کە ئامێرە کۆنەکانی پەیوەندیگرتن چاودێریی ناکرێن و ناتوانرێت سیخوڕییان بەسەرەوە بکرێت. پێچەوانەی ئامێرە زیرەکەکانی پەیوەندییەن کە دەکرێت بە هۆیەوە چاودێریی خاوەنەکەی بکرێت، بە قسەکانی و جموجۆڵەکانی و تەنانەت ڕەنگە وێنەگرتنیشیەوە لە ژووری نووستنەکەیدا. بابەتەکە ڕوونتر بووەوە کاتێك پێگەی ویکیلیکس بە لگە نامە دزەپێکراوەکانی ئاشکراکرد دەربارەی شێواز و ڕێگەکانی کارکردنی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا CIA کە بەهۆی مۆبایلەکانیانەوە و تەنانەت بەهۆی تەلەفزیۆنەکانیان و هەر ئامێرێکی دیکەی ئەلیکترۆنیەوە کە هەیانە، سیخوڕیی کردووە بەسەر هەموو هاوپەیمانەکانی و هەندێك لە هاووڵاتیان و بەرپرسانی ئەمەریکایشەوە.هەڵوێست و کاردانەوەکان بەرامبەر ئەم هەنگاوانەی ئاژانسی ویکیلیکس و دزەپێکردنی بەڵگەنامە و زانیارییەکان، دوو ئاراستەی جیاوازیان هەیە، هەندێك دەڵێن ویکیلیکس خۆی ئاژانسێکی سیخوڕییە بەسەر ئاژانسەکانی دیکەی سیخوڕییەوە. هەندێکی دیکەیش پێیانوایە کە خزمەتێکی زۆر پێشکەش بە ئاسایش و ئارامیی جیهان دەکات.ماوەتەوە بڵێین بەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا، تێگەیشتین کە بۆچی کاربەدەستەکەندا و ییەکان، ناتوانن ئامێری مۆبایلی زیرەك بەکاربێنن و هەر مۆبایلی نۆکیا کۆنەکان بەکاردێنن.





ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لە بەیرووت سەردانی هونەرمەندی بەنێوبانگ فەیرووزی کرد و لە ماڵەکەی و وەك ڕێزلێنانێك مەدالیای شەرەفی کۆماندۆزی پێبەخشی.



ئایفۆنی ئاڵتوونی دەخرێتە بازاڕەوە

بۆ یەکەم جار بەرهەمەکانی ئایفۆن کە لەلایەن کۆمپانیای بەناوبانگ «Caviar» دیزاین دەکرێن بە شێوەی ئاڵتوونی و پڕۆنز و چەندین جۆری دیکە، کۆمپانیاکە دەڵێت ئەمە دروست کراوە بۆ ناشقانی جوانی کە حەزیان بە بەرهەمی سەرنجڕاکێشە. بەرهەمەکان بە دیزاینێکی تاڕادەیەك جیاوازن و بە ناوی کاڤیار ١١ پڕۆ نمایش دەکرێن بە ١٢ ڕەنگی جیاواز کە هەندێکی لە لاشەی تیتانیۆم دروست کراوە و خاوەنی پارێزەری بەهێزی شاشەن و سەرجەم وردەکارییەکانی لەلایەن کۆمپانیای کاڤیارەوە بۆ دیزاین کراوە و دەخرێتە ڕوو.

نرخی مۆبایلەکە نزیکی ٤٠٠٠ $ دۆلار دەبێت و جۆرێکی دیکەی دەچێتە ١٢ هەزار دۆلار و جۆرێکی دیکەشی دەچێتە نرخی ٣١ هەزار دۆلارەوە واتە ٣ دەفتەر.

گواستنەوەی فیلمی سەر کاسێت بۆ سەر کۆمپیوتەر

فیلمی کاسێتیش چووە ناو ئەرشیفی مێژووی نامێرەکانەوە، ئیدیۆش هاتە ناو ریزی قەوانی گرامافۆنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم زۆربەمان فیلمی کاسێتمان ماوە. هەندێك لە فیلمەکان گرنگترین یادگارییەکانی ژیانیان تۆمار کردووە. ئەگەر هەتا ئێستا فیلمەکانت نەگۆڕین بۆ DVD یان نەتهێناوەتە سەر کۆمپیوتەر و بە دیجیتاڵیت نەکردوون، ئێستا هەنگاو بنێ..

بۆ ئەوەی کاسێتەکان بگۆڕی بۆ دیجیتاڵی دەبێ لەسەرەتادا چاوێکیان پێدابخشێنیەوە، بزانە لە کوێ پچڕانی و تێکچوونی هەیە، ئەوانە بە تێپ چاك بکەوە، پاشان ئەگەر هەست بەوە دەکەی کەڕووی هێناوە، دەستی پێدابێنە و کەڕووەکەی لێبکەوە.. پاشان ئەم هەنگاوانە بگرە بەر.

پێش هەموو شتێك ئامێرێکی ڤیدیۆ کاسێتت هەبێ بۆ ئەوەی کاسێتەکەی پێ لێبدەی، پاشان کێبڵێکی تایبەت بە گۆڕینی کاسێتەکان لە ڤیدیۆ کاسێتەکە و کۆمپیوتەرەکە دابنێی. دواتر پرۆگرامێکی تایبەت بە گۆڕینی فیلمی کاسێت بۆ دیجیتاڵی لەسەر کۆمپیوتەر دابەزێنی و بەهۆیەوە فیلمەکانی سەر کاسێتەکە دەگوازرێنەوە بۆ سەر کۆمپیوتەر.



